# تێنەگەیشتن لە بارزانی
## ئیشکالیەتێکی سیاسیی قسەلێنەکراو



د. سالار عوسمان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەمڕۆ نییە، لەمێژە، ماکینەیەکی گەورەی سیاسی و میدیایی، کە لە پشتەوەشی ماکینەیەکی موخابەراتی لەکاردایە، لەهەوڵدان بۆ شێواندنی وێنەی بارزانی، بێگومان قسەکردن لەم بابەتە پەلکێشە بۆ مێژوو، تێنەگەیشتنی سیاسی، گرفتە نێوخۆییەکان، مەرامی دوژمنان و هەندێ کەڕەت تێکەڵبوونی هەموو ئەمانەش بەیەکەوە، بۆیە دەبێ لە شرۆڤەکردنیاندا چەمکەکان پۆلین بکەین.

**-مێژوو: قووڵی و قورسایی**

ڕێبازی بارزانی، کە ئێستە بارزانی رابەرایەتی دەکات، خودان قووڵترین مێژووی شۆڕشگێڕییە و لە ئێستاشدا خاوەن زۆرترین قورسایی سیاسییە، بەواتایەکی دیکە، کەس هێندەی بارزانی بە نێو مێژوودا رۆنەچووە و لە ئێستاشدا حزووری نییە، ئەمە هەر بۆ ئێمەی کوردستانی وانییە، بەڵکو بۆ روانگەی دنیایش هەروایە، کەواتە ئەوەی بیەوێت مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد و پرسە سیاسییەکانی کوردستان بکات، دەبێت بگاتە ئەو ئەدرێسە، ئەدرێسی قووڵی و قورسایی لە مێژوودا، ئەدرێسی مێژوو و ئێستا کە خۆی لە ئەدرێسی بارزانی-دا بەرجەستە دەکات.

**• تێنەگەیشتنی سیاسی و جیاوازییەکانی**

ناکامڵیی لە تێگەیشتنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان گرفتی زۆری بۆ دروست کردووین، بەشێك لەو ناکامڵییە دوژمنان بە نائاگاییەوە دروستیان کردووە و بەشەکەی تریشی پێوەندی بە رۆشنبیریی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانییەوە هەیە، کە نەگەیشتۆتە قۆناغە رۆشنەکانی خودی ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین، بەواتایەکیتر سەردەم لە پێشەوەی رۆشنبیریی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانیدایە و ئەم ئاریشەیەش سەرچاوەی زۆربەی ئاریشە سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانە. نەبوونی رۆشنبیرییەکی سیاسی لە کوردستان، تێنەگەیشتنی سیاسی بەرهەمهێناوە و تێنەگەیشتنی سیاسیش لەگەڵ خۆیدا تێنەگەیشتن لە بارزانی کردووە بە جۆرێك لە ئیشکالیەت. ئێمە لێرەدا قسە لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی سیاسەت و تێگەیشتنی سیاسی دەکەین، ئەگینا نوخبەی سیاسی لە کوردستان لە بارزانی و جیهانبینییە سیاسییەکەی تێدەگەن، ئەگەر پرسیار ئەوەیشە: ئەی بۆ وا دەکەن؟ ئایا بۆ بەشێك لەو نوخبەیە دژایەتیی بارزانی-یان کردۆتە ئامانج؟ ئەوا وەڵامەکە روونە: ئەوان لە دژایەتی بارزانی-دا بەتاڵیی

خۆیان پڕدەکەن، ناکرێ سیاسییەکی پەرۆش بۆ وڵات لە دژی بارزانی بێت، چونکە ئەوەی بارزانی دەستی داوەتێ، پرسی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، بەواتایەکیتر پرسی دروستکردنی دەوڵەتە بۆ نەتەوە، کەواتە ئێمە قسەمان لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی سیاسەتە، ئەو ئاستەی کە تێنەگەیشتنی سیاسی بە فریای ناکەوێت تا لە بارزانی بگات و وەك خۆی بیناسێت!

**● گرفتە نێوخۆییەکان: بچووك، بەڵام گەورەکراو**

پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونە سیاسییانەی پێیانوایە گرفتی سەرۆکایەتی هەرێم گرفتێکی گەورەیە، من وای نابینم و پێموایە گرفتی لەوە گەورەترمان هەیە، لەوانە:

١. گرفتی رۆشنبیریی سیاسی
٢. گرفتی دیموکراسی
٣. گرفتی تەوافوقی سیاسی
٤. گرفتی بێ متمانەیی سیاسی
٥. گرفتی نا یەکریزی

ئەمانە گرفتە سەرەکییەکانن، بوونی ئەو گرفتانە وایکردووە کە گرفتی سەرۆکایەتی هەرێم ببێ بە گرفتێکی گەورە، ئەگینا لە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، لە هەرێمێکی دەورەدراو بە شەڕی تیرۆر، ئەگەر ئاقڵمەندە سیاسییەکانی پەرۆش و خەمخۆربن، گرفتی سەرۆکایەتی هەرێم نابێ بە گرفتی سەرەکی و ئەو هەموو ماکینە ئیعلامیەشی بۆ ناخرێتەکار! لێرەدا مەسەلەکە تەنیا دژایەتی بارزانی-یە و هیچیتر، ئەو دژایەتییەی بەشێکی گرێی مێژووییە لە بەرامبەر -قووڵیی مێژووی بارزانی- بەشێکیشی گرێی ئێستایە لە بەرامبەر - قورسایی ئێستای پێگەی سیاسی بارزانی-.

ئەو لایەنە سیاسییانەی نایەنەوێ گرفتە سەرەکییەکان ببینن، دەیانەوێ خۆیان لە ئەرکەکان بدزنەوە، دەیانەوێ کوردستان بە قۆناغێکی روونکتر نەگات، ئەگینا نەبووە و هیچ لۆژیکێکی سیاسی قبوولی ناکات، میللەتێك لە جەنگدا بێ، سیاسییەکانی دژایەتی سەرۆکەکەیان بکەن!!

**● مەرامی دوژمنان: پرسە هەستیارەکە**

لێرەدا پرسە هەستیارەکە دەست پێ دەکات، دوژمنان بارزانی باش دەناسن، دەزانن بەیداخ لە دەستی ئەودایە، دەزانن پرسی نەتەوە، هەم لە مێژوودا، هەم لە ئێستادا لای ئەوە، بۆیە تیرەکان روو لە ئەون، بۆیە دەبینین هەموو ئەوانەی ماندوون بە کوردایەتی لە نزیك بارزانی-ن، تەنانەت ئەوانەی دەرەوەی حزبەکەی خۆیشی، لێ ئەوانەی سیاسەت بۆ زاتی خۆیان دەکەن، دوورن لە بارزانی، بە دەربڕینێکی دیکە دەکرێ بڵێین: هەموو ئەوانەی لە نەتەوە نزیکن، ئەگەر جیاوازیش بن لە بیروڕا، لە بارزانی نزیکن و تێگەیشتنیان بۆ بارزانی تێگەیشتنێکی ریالیستییانەیە.

ئێستا مەرامی دوژمنان روونە: رێگرتن لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی، هەڵگری کردیی بەیداخی ریفراندۆم و سەربەخۆییش بارزانی-یە.

سیاسیی پەرۆش بۆ نەتەوە، بریتییە لەو سیاسییە حەکیمەی واز لە جیاوازییە سیاسییەکانی بێنێت و لەو ستراتیژە بەشداربێت، بەواتایەکی دی تەجاوزی بیرکردنەوە سیاسییەکانی حزبەکەی بکات و بگاتە ئاستی ئەو ستراتیژە نەتەوەییە، کەواتە قۆناغەکە قۆناغی سیاسییە گەورەکانە و بچووکەکانیش لە پەراوێزدا خەریکی خۆخواردنەوەن و دواجار لە کاروانەکە جێ دەمێنن!

**● تێنەگەیشتن لە بارزانی: ئیشکالیەتێکی سیاسیی قسەلێنەکراو**

لەهەموو ئەو قسانەی پێشووماندا (مێژوو و قووڵی و قورساییەکەی، تێنەگەیشتنی سیاسی و جیاوازییەکانی، گەورەکردنی گرفتە نێوخۆییەکان و مەرامی دوژمنان لە رێگەگرتن لە سەربەخۆیی) مەبەستمانە بڵێین:

١. تێنەگەیشتن لە بارزانی، ئیشکالیەتێکی سیاسی قسەلێنەکراوە و دەبێ رەهەندەکانی، روو و ڕوما و مەرامەکانی زانستییانە روون بکرێتەوە.

٢. تێنەگەیشتن لە بارزانی، بەرهەمی دوژمنانە بە ئاگایی و دەستکراوی دەستی بەشێك لە سیاسییە رِقنەکانی کوردیشە لە ئاکامی بێ پرۆژەیی نەتەوەیی خۆیاندا، بۆیە دەبێ لێك جیابکرێنەوە و بە جوداش قسەیان لەبارەوە بکرێت.

٣. لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، بەشێکیان بریتییە لە تێنەگەیشتنی سیاسی، کە چارەسەری ئاسانە و بەشەکەی تریشی بریتییە لە گەمەی سیاسی کە کۆمەڵگە زەرەری لێ دەکات و دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کاری رشت و زانستییانە بکرێت.

٤. لە ئاستی میدیایدا، چەمکی تێنەگەیشتن لە بارزانی، روونکردنەوەی پتری جیهانبینیی بارزانی پێویستی بە شرۆڤە و راڤەی زیاترە و دەبێ میدیای پشتیوان لە بارزانی روانگە ئاسۆییەکانی بە روانگەی ستوونی بگۆڕێت.

٥. تێنەگەیشتن لە بارزانی، سەنگەرەکانی دژە سەربەخۆیی قەرەباڵغتر دەکات، بۆیە دەبێ بە تێگەیشتن لە بارزانی و کارکردنی رشت لەوبارەیەوە سەنگەرەکانی سەربەخۆیی ئاوەدان بکەینەوە.



مەحمود محەمەد

ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە و دان بەوەدا بنێت هەڵەکانی ئەو، هۆکاری کێشەکانی ئێستای کوردستانن

**ئەگەر ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان بۆ دەڤەری سلێمانییە کارێکی باشە، بەڵام بیانەوێت بیکەنە نەخشەڕێگە بۆ هەموو کوردستان سەرکەوتوو نابێت**



**لە ناو پرۆسەی سیاسیی ئێستای کوردستاندا جۆرێك لە چەقبەستوویی ڕێژەیی دروست بووە، هەر بۆیە کێشەکانیش تا رادەیەك بێ چارەسەر ماونەتەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەم چەقبەستووییە لە روانگەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێداگرتنەی بزووتنەوەی گۆڕان کە لە خاڵێکدا چەقیوە و ناتوانێت هەنگاوی دیکە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرێت، بۆ ئەم بارودۆخەش ناکرێت چیتر بەرامبەر کاراکردنەوەی پەرلەمان و ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەموو لایەنە سیاسییەکان دەستەوەستان دابنیشن و چاوەڕێی هەڵویستە چەقبەستووەکەی گۆڕان بن، بارودۆخەکە وادەخوازێت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی و لایەنەکانی دیکەی کوردستان، لە چوار چێوەی بۆچوونێکی هاوبەشدا هەنگاو بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان هەڵبگرن و کۆتایی بەم چەقبەستووییە بهێنن. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخە ئاڵۆز و پاشاگەردانییەی پرۆسەی سیاسی لە بەغدا و چۆنیەتی بەشداریکردنی کورد لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ و هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە روانگەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خستەڕوو.**

*** بارودۆخی سیاسی و ناوخۆی کوردستان هەتا ئێستاش جۆرێك لە پەرتەوازەیی و چەقبەستوویی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پێوە دیارە، ئایا ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن سەیری کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- بێگومان بارودۆخی سیاسیی کوردستان ناتەباییەکی بەرچاوی پێوە دیارە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئاراستانەی کە دەمانەوێت بۆ بابەتە گرینگەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی دروستیان بکەین، هەربۆیە ئەم قۆناخەی ئێستا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی جیاواز لە قۆناخەکانی پێشووتر هەیە. بارودۆخی ناوخۆی کوردستان بێجگە لەو ناتەباییە ناوخۆییەی کە بوونی هەیە، کاریگەریشە بە کەشوهەوای پرۆسەی سیاسی لە هەموو ناوچەکەش، هەربۆیە هەندێك جار لەسەر بنەمای کەشوهەوای سیاسیی ناوچەکە و دروستبوونی گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزدا، ناتەباییەکان لە ناو کوردستانیشدا بەردەوامی دەبێت و کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش دەبێت. بۆیە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر لە خەمی ئەوەداین کە هەموو پێکەوە هەوڵبدەین، ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان لەبەرچاوبگرین و هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە لەسەر ئەوە کاربکەین کە کوردستان پێویستی بە چ جۆرە ڕێکخستنەوەیەك هەیە، ئەم ڕێکخستنەوەیەش دەبێت لە بەرژەوەندیی چۆنیەتی ئاراستەکردنی مەرام و خواستە گشتییەکان بێت، بۆ ئەم قۆناخەی ئێستا کە کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت.

*** مەبەستتان لە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد ئەوەیە دووبارە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان دەست پێبکاتەوە، یان داوای میکانیزمێکی تازە دەکەن؟**

- تێڕوانینی پارتی بۆ ڕێکخستنەوەی نیوماڵی کورد بەو جۆرەیە کە دەبێت ئەو ژینگە سیاسییەی ئێستای کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا بێت و هەوڵبدرێت جۆرێك لە پێکهاتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکبێت، لەم بارودۆخەی ئێستا لەگەڵ ئەوەی کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە چەقبەستوو هەژماری بکەین، بۆیە دەبێت ئەم حاڵەتە چارەسەر بکرێت و هەر حزبێك لە جێگەی خۆیەوە هەنگاوی خۆی هەڵبگرێت، لەم قۆناخەدا دەکرێت، هەندێك لەو کێشانەی ئێستا کە کێشەی تایبەتی نێوان حزبە سیاسییەکانن وەلا بنرێن و لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بین.

*** ئەگەر راشکاوانە لەسەر ئەم پرسە قسە بکەین، ئەو حاڵەتە چەقبەستووەی هەیە، بەتایبەتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕاندایە، ئایا دەکرێت هەر دوولاتان گۆڕانکاری لە بۆچوونی خۆتان بکەن؟**

**لەکاتی هاتنی لایەنەکانی شیعە بۆ لای سەرۆک بارزانی لە چەند ساڵی رابردوو، سەرۆک بارزانی راشکاوانە پێی گوتن: یان دەبێت شەریکی راستەقینە بین، یان دەبێت جیاببینەوە، یان دەبێت شەڕبکەین، لەم سێ بژارەیە زیاتر شتێکمان لەبەردەست نییە. لایەنی شیعە ئەوکات گوتیان مەسەلەی شەڕ نابێت بیری لێبکرێتەوە، بۆیە لە ئێستادا ئەگەر نەتوانین شەریک بین، دەبێت جیاببینەوە**

- پرۆسەی سیاسیی کوردستان پرسێك نییە تەنیا پێوەندی بە پارتی و گۆڕانەوە هەبێت، بەڵکو پرۆسەی سیاسیی کوردستان بەپلەی یەکەم بریتییە لە پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئینجا کۆمەڵێك حزبی دیکە، چ ئەوانەی لە پەرلەمان بەشدارن، چ ئەوانەی لە دەرەوەی پەرلەمانن و لەم وڵاتە بوونیان هەیە، هەربۆیە ناکرێت پرۆسەی سیاسی کوردستان بگاتە بنبەست، ئەمە چییە، گۆڕان بە هەندێك شت رازی نییە، نابێت لایەنە سیاسییەکانیش ئەم چاوەڕوانییەیان هەبێت، بەوەی دەبێت هەموو لایەنەکان بە هەموو شتێك رازی بن، لەناو پرۆسەی سیاسیدا ئەگەر رێژەیەکی بەرز لە لایەنە سیاسییەکان لەسەر بەرنامەیەك رازی بن، ئەوا ئەم رازیبوونە دەبێتە بەرنامەی وڵات و دەکرێت ئەم حاڵەتەی دروستبووە وردە وردە چارەسەر بکرێت.

*** وەك باستان کرد پرۆسەی سیاسی بە پلەی یەکەم واتە پێوەندیی پارتی و یەکێتی، بەڵام ئێستا یەکێتی وا خەریکە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان رێککەوتن دەکات، ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن سەیری ئەم رێککەوتنە دەکات؟**

- لە بەر ئەوەی هەتا ئێستا بە فەرمی دەقی رێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی لەبەردەستمان نییە، بۆیە ناکرێت قسەی لەبارەوە بکەین، ئەمە دەهێڵینەوە تا ئەو کاتەی رێککەوتنەکە بە فەرمی رادەگەیەنن، ئەوکات هەڵوێستی خۆمانی لەسەر دەردەبڕین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەم رێککەوتنەی نێوانیان بۆ ئەوە بێت کێشەی نێوانیان وەك یەکێتی و گۆڕانی پێ چارەسەر بکەن، ئەمە کارێکی باشە و هەقی خۆیانە بۆ ئەوەی ئاشتییەکی دوولایەنە لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام ئەگەر بەم رێککەوتنە بیانەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان بیکەنە نەخشەرێگەیەك و بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم بەکاری بهێنن، ئەمە هیچ ئاکامێکی نابێت و سەرکەوتووش نابن.

*** ئایا لەمبارەوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی قسەتان کردووە، کە چی لە رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی و چی لە رێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی دەوێت؟**

- ئێمە یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان سەرپشك نەکردووە بەوەی ئاخۆ چی لە ئێمە دەوێت، یان چی لە بزووتنەوەی گۆڕان دەوێت. بۆیە ئەمە رێککەوتنی دوولایەنەیە، ئەوجا چ لەگەڵ گۆڕان رێککەوتن بکەن، یان لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکە، ئێمەش وەك پارتی رێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی هەیە، بەڵام لێرەوە پرسەکە ئەوەیە ئایا ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان یەکێتی و گۆڕان چەند هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ لێکتێگەیشتنی نێوان ئێمە و یەکێتی، ئەمە گرینگە و کاریگەری دەبێت لەسەر رێککەوتنی نێوان ئێمە و یەکێتی، دەبێت یەکێتی ئەمە لەبەر چاو بگرێت، لەلایەکی دیکەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك هێزێك لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستان کاریگەری خۆی هەیە، بەتایبەتی لە دەڤەری سلێمانی، ئەمەش وادەکات یەکێتی خەمی سەرەکی لەسەر ئەو ناوچەیە چڕبکاتەوە و باشتر ئیش بکات بۆ ئەوەی کێشەکان لەوێ کەم بکرێنەوە، بەڵام سەبارەت بە کۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستان، بێگومان دەبێت خوێندنەوەیەکی دروست بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت.

*** ئایا لەو ماوەیەی دەنگۆی ئیمزاکردنی رێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان هەیە، ئێوە وەك پارتی کۆبوونەوەتان لەگەڵ یەکێتی نەکردووە؟**

- ماوەیەکە کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی ئەنجام نەدراوە، ئێمە چاوەڕێی ئەوان بووین کە ئامادەباشیی کۆبوونەوەیان هەبێت، کە تائێستا وادەی کۆبوونەوە دیاری نەکراوە، بەڵام لە کۆبوونەوەکانی پێشتر لە گەڵیاندا لەسەر پێوەندی نێوان پارتی و یەکێتی گفتوگۆی زۆر کراوە و هەردوولاشمان کۆمەڵێك وەرەقەی لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕ کردووە، بۆیە روانگەی ئێمە لای ئەوان زۆر روون و ئاشکرایە و بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی بارودۆخی سیاسیی ئێستا و ئەو کێشانەی لە کوردستاندا بوونیان هەیە، بۆیە مەزندەی ئێمە بەوجۆرەیە، یەکێتی لە رێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان رەچاوی ئەو تێگەیشتنە بکەن کە لەگەڵ ئێمە هەیانە.

*** دیارە ئەم پرسە لە دوای گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا زیاتر گەرم بووە، بەڵام سەرکردایەتی پارتی تا ئێستا لەو بوارەدا بێدەنگ بووە، ئایا هۆکاری ئەم بێدەنگییەتان چییە؟**

- مەسەلەی گەڕانەوەی، یان بوونی لە دەرەوە، ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نییە، هەر بۆیە هیچ هەڵوێستێکیشمان لەبارەوەیە نییە.

*** مەبەست ئەوەیە دوای گەڕانەوەی نەوشیروان**

**یەکێک لەو خاڵانەی ئێمەش و یەکێتی جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەوەیە هەتا ئیدارەی ئۆباما لە دەسەڵاتدایە، ئەم ریفراندۆمە بکەین**

**وەک پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر لە خەمی ئەوەداین کە هەموو پێکەوە هەوڵبدەین، ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان لەبەرچاوبگرین و هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە لەسەر ئەوە کاربکەین کە کوردستان پێویستی بە چ جۆرە رێکخستنەوەیەک هەیە، ئەم رێکخستنەوەیەش دەبێت لە بەرژەوەندیی چۆنیەتی ئاراستەکردنی مەرام و خواستە گشتییەکان بێت**

**لەم قۆناخەدا دەکرێت، هەندێک لەو کێشانەی ئێستا کە کێشەی تایبەتی نێوان حزبە سیاسییەکانن وەلا بنرێن و لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان یەکریز و یەکهەڵوێست بین**

**تێڕوانینی پارتی بۆ ڕێکخستنەوەی نیوماڵی کورد بەو جۆرەیە کە دەبێت ئەو ژینگە سیاسییەی ئێستای کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا بێت و هەوڵبدرێت جۆرێک لە پێکهاتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکبێت، لەم بارودۆخەی ئێستا لەگەڵ ئەوەی کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە چەقبەستوو هەژماری بکەین، بۆیە دەبێت ئەم حاڵەتە چارەسەر بکرێت و هەر حزبێک لە جێگەی خۆیەوە هەنگاوی خۆی هەڵبگرێت**

**پرۆسەی سیاسیی کوردستان پرسێک نییە تەنیا پێوەندی بە پارتی و گۆڕانەوە هەبێت، بەڵکو پرۆسەی سیاسیی کوردستان بە پلەی یەکەم بریتیە لە پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئینجا کۆمەڵێک حزبی دیکە، چ ئەوانەی لە پەرلەمان بەشدارن، چ ئەوانەی لە دەرەوەی پەرلەمانن و لەم وڵاتە بوونیان هەیە**

**مەزندەی ئێمە بەوجۆرەیە یەکێتی لە ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان ڕەچاوی ئەو تێگەیشتنە بکەن کە لەگەڵ ئێمە هەیانە**

**مستەفا مەزنـدەی ئـەوە ناکرێـت پارتـی و گـۆڕان پێکـەوە کۆببنـەوە؟**

- لـە سیاسـەتدا هیـچ شـتێك مەحـاڵ نییـە، بـەڵام لـە ڕوانگـەی ئێمـەوە ئـەم پرسـە پێویسـتی بـە زەمینەسـازی ئـەوە هەیـە کـە گـۆڕان بـە سیاسـەتی خۆیـدا بچێتـەوە، هەروەهـا دەبێـت گـۆڕان دان بـەو هەڵانـەدا بنێـت کـە کردوویەتـی و لـە ئاکامـی ئـەو هەڵانـەی گۆڕان کۆمەڵێك کێشـەی ناوخۆیی دروست بـوون، پێشـتر ئێمـە وەك پارتـی دەستپێشـخەریمان کـرد و سـەردانمان کـردن و لەگەڵیـان کۆبووینـەوە، بـەڵام ئـەوان هیـچ وەڵامدانەوەیەکیـان نەبـوو، بۆیـە ئێمـە هێـچ هەنگاوێکـی دیکـە هەڵناگریـن هەتـا ئـەوان بـە سیاسـەتی خۆیانـدا نەچنـەوە، مەزنـدەش ناکـەم ئـەوان ئـەو ئامادەباشـییەیان هەبێـت بـۆ ئـەوەی بەخۆدابچنـەوە.

*** کەواتە با پرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە بکەین، نەخشـەڕێگەی ئێـوە بـۆ کاراکردنـەوەی پەرلەمـان چۆنـە؟**

- بۆچوونـی ئێمـە بـەو جۆرەیـە کـە بزووتنـەوەی گـۆڕان لـە بەشـداریکردنی لـە حوکمڕانیـدا بـە شـێوەیەکی گشـتی سـەرکەوتوو نەبـووە، بەتایبەتیـش لـە سـەرۆکایەتیکردنی پەرلەمانـی کوردسـتاندا، لەبـەر ئـەوەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و خـودی پەرلەمانیـان کـردە بەشـێك لـە کێشـەکان، لـە کاتێکـدا دەبوایـە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و پەرلەمانیش بەشێك بوونایـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، بـەڵام بەداخـەوە گـۆڕان گوشـاریان خسـتە پەرلەمـان و سـەرۆکی پەرلەمـان و پەرلەمانتارانـی گـۆڕان و سـەرۆکی پەرلەمانیـش ئامادەباشـی ئەوەیـان تێدابـوو ئـەو گوشـارە قبـووڵ بکـەن، ئەمـەش وایکـرد کـە پەرلەمـان زیاتـر ببێتـە شـوێنی قووڵکردنـەوەی کێشـەکان، لەبـری ئـەوەی کێشـەکان خاوبکاتـەوەو چارەسـەریان بـۆ بدۆزێتـەوە.

*** ئایـا مەبەسـتتان ئەوەیـە پارتـی ڕازی نایێـت جارێکـی دیکـە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بـە گـۆڕان بدرێتـەوە؟**

- ئێمـە نامانەوێـت پرۆسـەیەك کـە تەجرەبەمـان کـردووە و سـەرکەوتوو نەبـووە، جارێکـی دیکـە دووبـارەی بکەینـەوە، بەتایبەتیـش لـەم بارودۆخـە هەسـتیار و ناسـکەی کـە کوردسـتانی پێدا تێدەپەڕێت، لـە هەمانکاتـدا هیـچ گۆڕانکارییـەك بـەدی ناکرێـت لـە شـێوازی مامەڵەکـردن و بیرکردنـەوەی گۆڕانـدا، ئینجـا چـۆن جارێکـی دیکـە ئـەم هەڵـە کوشـندەیە دووبـارە بکەینـەوە؟

*** بـەڵام ئەگـەر دوای ئـەم ڕێککەوتنەیـان، یەکێتی هەمـان بۆچوونی گۆڕانی هەبوو بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەوکات ئێوە هەڵوێستتان چۆن دەبێت؟**

- پێشـتر ئێمـە ئەمەمـان لەگـەڵ برادەرانـی یەکێتـی بـاس کـردووە، ڕا و تێڕوانینـی ئێمـە لەسـەر ئـەم پرسـە لای یەکێتـی نیشـتمانی ڕوون و ئاشـکرایە، دەزانـن نەخشـەڕێگەی ئێمـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و کاراکردنـەوەی پەرلەمـان چییـە، لەسـەر ئەمـەش هەماهەنگیمـان لەگـەڵ یەکێتـی و لایەنەکانـی دیکـەش هەبـووە.

*** ئایا یەکێتی نیشتمانی بە تەواوەتی تەفەهومی ئـەم پرسـەی کـردووە بـەوەی پارتـی تێڕوانینـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان چۆنـە؟**

- بێگومـان بارودۆخەکـە تەفەهـوم دەکـەن، زۆر بـە وردی باسـمان لەسـەر ئـەم بابەتانـە کـردووە، تەنانـەت لـە دوایـین کۆبوونـەوەی هاوبەشـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی و یەکێتـی کـە بـە سەرپەرشـتی بەڕێـز سـەرۆك بارزانـی ئەنجامـدرا، بەڕێـز حاکـم قـادر ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتـی تەخویلکـرا، بـۆ ئـەوەی بـە نوێنەرایەتـی پارتـی و یەکێتـی، ڕای کۆبوونەوەکـە ببـات بـۆ گـۆڕان و پێیـان بڵێـت ئەمـە ڕای کۆبوونـەوەی هاوبەشـی پارتـی و یەکێتییـە، دەبێـت لـەو مەودایـە کێشـەکان چارەسـەر بکرێـت، بـەڵام نـەك بـەو تێڕوانینـەی گـۆڕان هەیانـە، بەڵکـو بـەو تێڕوانینـە هاوبەشـەی لـە نێـوان پارتـی و یەکێتـی و حزبەکانـی دیکـەدا هەیـە.

*** دیـارە ئێسـتا لەسـەر ئاسـتی عێراقیـش بارودۆخەکـە تێکچـووە، فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکان گەڕانـەوە هەرێمـی کوردسـتان، ئایـا چـۆن سـەیری پرسـی عێـراق دەکـەن و ئایـا ئێـوە وەك دوو دۆسـیەی جیـاواز سـەیری دەکـەن، یـان هـەردوو دۆسـیەکە پێکـەوە گرێـدراون؟**

- لای ئێمـە دوو دۆسـیەی جیـاوازن، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لـە بەغـدا وەك کـورد تێڕوانینمـان جیـاوازە بـۆ چۆنیەتـی حوکمڕانـی لـە عێراقـدا، بـەڵام لـە کوردسـتان ئێمـە لـە نـاو خۆمانـدا لـە سـەر چۆنیەتـی ئیدارەکردنـی کوردسـتان جیاوازیمـان هەیـە، بۆیـە ئـەم دوو دۆسـیەیە دەبێـت لـە یەکتـری جیابکرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سـەرۆکی فراکسـیۆنی خـۆی لـە پەرلەمانـی عێـراق تەخویـل کـردووە کـە لەگـەڵ فراکسـیۆنە کوردسـتانییەکانی دیکـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو ئاسـتەنگانەی هاتوونەتـە پێـش لـە بەغـدا هەمـوو پێکـەوە ڕێکبکـەون،

هەروەها لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکەش لە پێوەندیداین بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان یەك هەڵوێستمان هەبێت، سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆشمان، ئەوەیان شێواز و میکانیزمێکی دیکەی پێویستە و لەم دۆسیەشدا بە جیا هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی کوردستان هەڵدەگرین.

*** لە چەند رۆژی رابردوودا، سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سەردانی سلێمانی کرد و لەگەڵ لایەنەکان بێجگە لە پارتی لە سلێمانی کۆبووەوە، ئایا ئەمە هەوڵێك نییە بۆ پەرتکردنی ریزی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا؟**

- لەوانەیە لە ناو خەیاڵدانی ئەواندا ئەم نیازە بوونی هەبێت، بەڵام وەك شتێکی مەلموس هیچ بەڵگەیەك لەبەردەست نییە تا بڵێین وایە، یان وانییە، بەڵام ئەگەر باسی سەردانەکەی بکەین، من دەڵێم سەردانەکەی سەلیم جبوری بۆ سلێمانی هەڵەی گەورەی تێدا بوو، ئەو دەبوو لە پایتەختەوە دەستی پێ بکردایە کە هەموو دامەزراوە شەرعییەکان و تەواوی حزبەکانی کوردستان بارەگایان لێی هەیە، بۆیە ئاشکرایە کە دەبوو لە کوێوە دەست پێبکات.

*** ئەی ئێستا تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەم ئاژاوە و پاشاگەردانییەی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق چۆنە؟**

- پێش ئەوەی ئەم رووداوانەی دوایی لە هێرشکردنە سەر پەرلەمان و سووکایەتیکردن بە پەرلەمانتاران دروست ببێت، کۆبوونەوەیەك لە نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا کرا، لەو کۆبوونەوەیەدا بریار درا، کە شاندێکی کوردستان بچێتە بەغدا و لەگەڵ لایەنەکان و بەرپرسەکانی حکومەت بە راشکاوی قسە بکات، لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق و تەواوی لایەنە سیاسییەکان، ئەوانەی بەشدارن لە حکومەت و هەروەها ئەوانەشی وەك فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بەشدارن، لەوێ ئەو پرسیارەیان لێ بکەن، ئایا کورد و عەرەب پێکەوە شەریکن لەم وڵاتە، یان نە؟ ئەگەر ئێمە شەریکین، ئەوا مانای شەراکەت ئەو رەفتار و شێوازە نییە کە ئێستا بەرامبەر کورد دەیکەن، بۆیە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ شەراکەتی راستەقینە، بۆ ئەمەش دەبێت پێش هەموو شت نەخشەی شەراکەتی حکومەت و دەوڵەتی عێراق لەبەرچاو بگیرێت، تا بزانین و تێبگەین شەراکەتی ئێمە لەگەڵ ئێوە لە کوێیە و لە چیدایە. دەبێت ئەم پرسە یەکلایی بکرێتەوە، ئینجا بێینە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، دیارە دەبوو زۆر زووتر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە، لەبەر ئەوەی پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەردەوام کێشەی لە نێوان کوردستان و بەغدا خوڵقاندووە، هەروەك ئەوەی بەم دواییە لە خورماتوو روویدا، ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە، ئەو کێشەیە روونەدەدا، ئەوجا باسکردنی مەسەلەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکان و دوای ئەمانە ئەوجا بێینە سەر ئەوەی چۆن و بە چ رێژەیەك بەشداری لە حکومەتی عێراقدا بکەین، بەڵام دوای ئەو رووداوانەی روویدا و پەرلەمانی عێراق داگیرکرا، ئێستا شوێنێك نەماوە قسەی لەگەڵ بکەین، حکومەتی عێراق خۆی حکومەتێکی بێدەسەڵاتە و ناتوانێت خۆی بپارێزێت، لایەنە سیاسییەکانیش بە شیعە و سوننەوە هەموویان توندڕۆ و میانڕۆ و لێکجیاوازن، بۆیە جارێ ناردنی ئەم شاندە راگیراوە، بەڵام هەموو لایەنە کوردستانییەکان لەسەر ئەم پرسە کۆك و یەکدەنگین.

*** پرسێکی دیکەی گرینگ، پرسی ئازادکردنەوەی موسڵ لە دەستی داعش، بەڵام مەترسی دوای داعش دێتەئاراوە سەبارەت بە چۆنیەتی ئیدارەکردنی ئەو شارە، ئایا تێڕوانینی ئێوە بۆ پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ و دوای ئازادکردنەوەکە چییە؟**

- دیارە مەسەلەی موسڵ چەند رەهەندێکی هەیە، رەهەندی یەکەمی مەسەلەی ئازادکردنەوەیەتی لە دەستی داعش، رەهەندەکەی دیکەی ئەوەیە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ چۆن ئیدارەی پارێزگای نەینەوا دەکرێت. سەبارەت بە رەهەندی یەکەمیان کە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵە، ئەم لایەنە پلانی سەربازی تێدەکەوێت، بەوەی کورد لە کوێوە بەشداری دەکات و چۆن بەشداری دەکات، ئەمەیان پێویستی بە رێککەوتنی سەربازی هەیە، لەم لایەنەوە سەبارەت بە گرینگیی موسڵ بۆ هەرێمی کوردستان، دیارە بوونی داعش لە ناو موسڵ کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتیش لە هەر سێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و کەرکووك، بۆیە بۆ هەرێمی کوردستانیش گرینگە داعش لە موسڵ نەمێنێ، لەبەر ئەوەی ئێمە بەسەدان هەزار پێشمەرگەمان

**لە ئاکامی ئەو هەڵانەی گۆڕان کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی دروست بوون، پێشتر ئێمە وەک پارتی دەستپێشخەریمان کرد و سەردانمان کردن و لەگەڵیان کۆبووینەوە، بەڵام ئەوان هیچ وەڵامدانەوەیەکیان نەبوو، بۆیە ئێمە هیچ هەنگاوێکی دیکە هەڵناگرین هەتا ئەوان بە سیاسەتی خۆیاندا نەچنەوە**

**بزووتنەوەی گۆڕان لە بەشداریکردنی لە حوکمڕانیدا بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتوو نەبووە، بەتایبەتیش لە سەرۆکایەتیکردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و خودی پەرلەمانیان کردە بەشێک لە کێشەکان، لە کاتێکدا دەبوایە سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانیش بەشێک بوونایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

**سەردانەکەی سەلیم جبوری بۆ سلێمانی هەڵەی گەورەی تێدا بوو، ئەو دەبوو لە پایتەختەوە دەستی پێ بکردایە کە هەموو دامەزراوە شەرعییەکان و تەواوی حزبەکانی کوردستان بارەگایان لێی هەیە**

**لە دوایین کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کە بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆک بارزانی ئەنجامدرا، بەڕێز حاکم قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی تەخویلکرا، بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتی پارتی و یەکێتی، رای کۆبوونەوەکە بیات بۆ گۆڕان و پێیان بڵێت ئەمە رای کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەکێتییە، دەبێت لەو مەودایە کێشەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام نەک بەو تێڕوانینەی گۆڕان هەیانە، بەڵکو بەو تێڕوانینە هاوبەشەی لە نێوان پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەدا هەیە**

**پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەردەوام کێشەی لە نێوان کوردستان و بەغدا خوڵقاندووە، هەروەک ئەوەی بەم دواییە لە خورماتوو روویدا، ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە، ئەو کێشەیە روونەدەدا**

لەبەرەکانی شەڕی دژی داعشە و رۆژانە لە هێڵی پێشەوە شەهید دەدەین، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئازادکردنەوەی موسڵ ئاسان نیە، موسڵ شارێکی گەورەیە و مۆزایکی جیاوازی تێدایە، ناو شارەکە بەشی زۆری عەرەبە لەناو عەرەبەکاندا دابەشبوونی سیاسی هەیە جگە لەوەی سوننە و شیعە لەناو ئەو پارێزگایە بوونی هەیە. هەروەها رێژەیەکی بەرچاوی ناو شارەکە کوردە، لەرووی ئایینەوە بەشێکی کوردی موسڵ ئێزدین، پێکهاتەکانی دیکەش وەك کلدان سریان ئاشوری و تورکمان بوونیان هەیە، بۆیە لە قۆناخی یەکەمدا کە پرۆسەیەکی سەربازییە پرسیار ئەوە دەبێت کێ بەشداری لە پرۆسەکە دەکات و چۆن ئازادی دەکەنەوە؟ ئەمەیان زۆر ترسناکە لەبەر ئەوەی ئەگەر حەشدی شەعبی بەشداری بکات، حەشدی وەتەنی قبووڵی ناکات، رەهەندی دووەمی کە سیاسییە، ئەوەیە چۆن ئەم پارێزگا ئاڵۆزە ئیدارە دەکرێت و کێن ئەوانەی بەشداری لە ئیدارەدانی ئەم پارێزگایە دەکەن؟ ئەمانە ئەو پرسانەن دەبێت لە ئێستاوە لەسەری رێکبکەوین.

*** بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، چۆن پارێزگای نەینەوا ئیدارە بکرێت؟**

- بە تێڕوانینی ئێمە پارێزگای نەینەوا پێویستی بە رێکخستنەوەیەکی ورد هەیە، گرینگە پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵ لەبەرچاو بگیرێن و بەپێی بۆچوونی ئەو پێکهاتە جیاوازانە نەینەوا رێکبخرێتەوە، پێکهاتە سەرەکییەکانیش بریتین لە عەرەب و کورد و کلدۆسریان ئاشووری، دیارە هەریەك لەم پێکهاتانەش تمووحی جیاوازیان هەیە، دیارە تمووحی بەشێکی زۆری عەرەبەکانی نەینەوا ئەوەیە نەك هەر دیانەوێت تەواوی پارێزگای نەینەوا خۆیان بەڕێوەی بەرن، بەڵکو ئەگەر بۆیان بچێتەسەر داوای گەڕانەوەی دهۆك و ئاکرێ-یش دەکەن بۆ سەر پارێزگای نەینەوا، بێگومان ئەمەیان بۆ ناچێتەسەر، لەبەرامبەردا داوای کورد ئەوەیە کە ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان عەرەبن، با عەرەب بەڕێوەی ببات، بە هەمان شێوە ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن، با کورد بەڕێوەی ببات، ئەو ناوچانەشی زۆرینەیان کلدۆسریان ئاشوورین، با ئەوان خۆیان بەڕێوەی بەرن. دیارە ئەم تێڕوانینەی ئێمە هەم بۆ ئەوەیە ئاسایش و سەقامگیری بۆ پارێزگاکە بگەڕێتەوە، هەمیش باشتر بەڕێوەدەبرێت و زەمینەیەکی باشیش دەڕەخسێنێت بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ئەو ناوچانەی بە هۆی شەڕی داعشەوە کاول بوون. دیارە ئەگەر سەقامگیری و ئاسایش بۆ موسڵ و تەواوی پارێزگای نەینەوا دابین نەکرێت، ئەوا نە ئەو کاولکارییە دووبارە بونیاد دەنرێتەوە، نە زەمینەیەکیش دروست دەبێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.

*** ئەگەر باسی شنگال بکەین، دیارە پێشتر لە نێوان شنگال و هەرێمی کوردستان دابڕانێکی جوگرافی هەبوو، بەڵام دوای ئازادکردنەوەی لەسەر دەستی پێشمەرگە، ئەو دابڕانە جوگرافییە نەماوە، ئایا دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، دەشێت شنگال بگەڕێتەوە سەر پارێزگای نەینەوا و ئایا ئەوە دووبارە شنگالییەکان و ئێزیدییەکان رووبەڕووی مەترسی ناکاتەوە؟**

- ئەوەی روویدا کارەساتێکی تاڵ بوو بۆ هەموو کورد، بەڵام لەوە تاڵتر ئەو کارەساتە بوو بە سەر خوشك و برا ئێزیدیەکانمان هات، بۆیە بە تەئکید دەبێت شێوازی بەڕێوەبردنی شنگال و دەوروبەری هەتا زوممار و شوێنەکانی دیکەش بەوجۆرە بێت، بیروبۆچوون و تێڕوانینی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەبەر چاو بگیرێت و نابێت جارێکی دیکە بکەنەوە بەر هەڕەشە و مەترسی، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین بێجگە لە خۆیان خەڵکی دیکە ئیدارەی ئەو ناوچانە بکات، سەبارەت بە دابڕانی جوگرافیی شنگالیش لە هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەو دابڕانە بەرەنجامی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانەیە، بەڵام ئێستا عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەش بە هاوشێوەی بەشێکی زۆری عەرەبەکانی کەرکووك لەگەڵ ئەوەدان ببنەوە بە بەشێك لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

*** ئەم پرسیارەمان تایبەت دەکەین بە پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم، دیارە لەم ماوەیەدا هەست دەکرێت پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتێکی بۆ زەمینەسازی بە مەبەستی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەست پێکردووە، ئایا ئەم هەڵمەتە بەرەنجامی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە؟**

- لە پرسیارەکانی پێشتردا، ئاماژەم بەوە کرد، پێش رووداوەکانی ئەم دواییەی بەغدا، بڕیار بوو شاندێکی کوردستان بچێتە بەغدا، یەکێك لەو پرسانەی کە بڕیار بوو ئەم شاندە لەگەڵ بەغدا باسی بکات، پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو، بۆیە لێمان دەپرسن، ئەگەر ئێوە ناتوانن شەراکەتی کورد



قبووڵ بکەن، باشترین ڕێگە ئەوەیە دوو دراوسێی باش بین، لەبەر ئەوەی زۆر لە مێژە و لەکاتی هاتنی لایەنەکانی شیعە بۆ لای سەرۆك بارزانی لە چەند ساڵی رابردوو، سەرۆك بارزانی راشکاوانە پێی گوتن: یان دەبێت شەریکی راستەقینە بین، یان دەبێت جیاببینەوە، یان دەبێت شەڕبکەین، لەم سێ بژارەیە زیاتر شتێکمان لەبەردەست نییە. لایەنی شیعە ئەوکات گوتیان مەسەلەی شەڕ نابێت بیری لێبکرێتەوە، بۆیە لە ئێستادا ئەگەر نەتوانین شەریك بین، دەبێت جیاببینەوە، بۆیە یەکەمین وڵات لەسەر ئەم پرسە قسەی لەسەر دەکەین عێراقە، ئەگەر عێراق رازی بێت، لەوانەیە هەر ریفراندۆمیش پێویست نەبێت. بۆیە مەسەلەی ریفراندۆم جددییە و هەموو هەوڵێك خراوەتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدرێت.

*** بۆچوونێك هەیە دەڵێن، پارتی دیموکراتی کوردستان نایەوێت لە ماوەی ئیدارەی ئۆباما ئەم ریفراندۆمە ئەنجام بدرێت و چاوەڕێی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا دەکات، ئایا تاچەند ئەم بۆچوونە راستە؟**

- بە پێچەوانەوە ئێمە پێمان باشە هەر لەم ماوەیەدا کە ئێدارەی ئۆباما لە دەسەڵاتدایە، ئەم ریفراندۆمە ئەنجام بدەین، یەکێك لەو خاڵانەی ئێمەش و یەکێتی جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەوەیە هەتا ئیدارەی ئۆباما لە دەسەڵاتدایە، ئەم ریفراندۆمە بکەین.

*** ئایا ئەو ئیمکانیەتە هەیە ئەم پرۆسەیە لەم ماوەیەدا ئەنجام بدەن؟**

پرۆسەکە ئەگەر ئاستەنگی ناوخۆیی بۆ دروست نەکرێت، پرۆسەیەکی زۆر قورس نییە، ئەمە وەك پرۆسەی هەڵبژاردن نییە کە خەرجییەکی زۆر و کارمەندی زۆر بووێت، بەڵی ئەگەر ئاستەنگی بۆ دروست نەکرێت، ئیمکانیەت هەیە پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین.

**ریفراندۆم پرۆسەیەکی زۆر قورس و وەک پرۆسەی هەڵبژاردن نییە کە خەرجییەکی زۆر و کارمەندی زۆر بوویێت، ئەگەر ئاستەنگی بۆ دروست نەکرێت، ئیمکانیەت هەیە پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین**

# دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک بە سەر سایکس پیکۆ-دا کورد لە چاوەڕوانی چیدایە؟



د. ئەحمەد دزەیی*

دوای ئەو دارمانەی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان رووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بووەوە، بەتایبەت لە سەردەمی حوکمی محەمەد عەلی پاشادا، دەوڵەتی عوسمانی بەرەو هەڵوەشانەوە چوو، بەمەش هەلێکی زێڕین بۆ وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپا رەخسا، دەست بە سەر ژمارەیەك لەو وڵاتانەدا بگرن کە لە رووی ستراتیژیەتی جوگرافی و سامانی سروشتییەوە بە وڵاتی بەپیت و دەوڵەمەند ناسرابوون. ئەو کات ئەوروپا بەتایبەت بەریتانیا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەوڵی ئەوەی دا دەوڵەتی عوسمانی لە هەرەسهێنان بپارێزێ، لە ترسی ئەوەی نەبادا رووسیای قەیسەری سوود لەو هەرەسهێنانە وەربگرێ، تا ئەو کاتەی بەریتانیا و وڵاتە هاوپەیمانەکانی هەلیان بۆ دەڕەخسێ، بەڵام دواتر لە رێگەی دانوستان و دیپلۆماسیەت، بە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی هەردوولا توانییان بگەنە ئەنجامێك، ئەوە بوو لە ماوەی نێوان مانگی نۆڤێمبەری ١٩١٥ تا مایۆی ١٩١٦ و ئەو دانوستانە نهێنییەی لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا، بە رەزامەندی رووسیای قەیسەری، رێککەوتنی سایکس پیکۆ ئەنجام درا، بەپێی ئەو رێککەوتنە بەشێك لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەشی سەر فەرەنساو بەریتانیا کرا، رووسیاش لە بارتەقای گەیشتنی شیوعییەکان بە دەسەڵات ساڵی ١٩١٧ چاوپۆشی لەو رێککەوتنە کرد.

بەپێی رێکەوتنەکەش فەرەنسا بەشی رۆژئاوای هەڵبژارد کە بریتی بوون لە سووریا و لبنان، بەریتانیاش دەستی بە سەر وڵاتی شامی لە ژووروودا گرت، بە ئاراستەی رۆژهەڵات کە بەغدا و بەسرەی گرتەوە، جگە لەو ناوچانەی کەوتوونەتە نێوان کەنداوی عەرەبی و تا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا لە سووریا.

کورد بەگشتی لەو هاوکێشە سیاسییەدا هیچ پێگەیەکی سیاسی بۆ نەمایەوە و دابەشی چەند پارچەیەك بوو، کە هەر پارچەیەك لەو پارچانەدا نغرۆ ببوون لە شۆڤێنییەتی خۆیان و هیچ بڕوایەکیان بە مافی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو گەلە نەبوو، کە هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتییان نەبوو، بۆیە لەو رۆژەوەی رێککەوتنی سایکس پیکۆ لە نێوان ئەو وڵاتانەدا واژۆ کرا، مێژوویەکی خوێناوی و پڕ لە جەزرەبەی سیاسی و مرۆیی لە کوردستاندا لە چەندین لاوە دەستی پێکرد. لەوانە:

- **لە رووی سیاسییەوە:**

بێگومان ئەوانەی رێکەوتنی سایکس پیکۆ-یان واژوو کرد، دەیانزانی مانەوەی کورد لە یەك پارچەی یەکگرتوودا لە رووی جوگرافییەوە ناتوانێت دۆزی کورد لە ناوبەرێت و نەخشەی کوردستانی گەورە




لە سەر نەخشەی جیهاندا رەش بکاتەوە، تەنیا بە دابەشکردنی نەبێت بۆ چوار پارچەی سەرەکی، کە رێگر دەبێت بۆ دروستبوونی کیانێکی یەکگرتووی ئەوتۆ کە لە ئایندەدا رێ لە نەشونوومای وڵاتێکی سەربەخۆ بگرێت، جگە لەوەش کورد بەو دابەشبوونە دەکەوێتە ژێر جەختی چوار دەسەڵاتی بیانی، کە هەریەکە لەوان بە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و ئەمنی و عەسکەرتاری خۆیەوە هەوڵی داپڵۆسین و سەرکوتکردنی کورد بدات، لە رووی هەر بزاڤێکی سیاسی کە بە ئامانجی خۆ دروستکردن ئەنجام بدرێت.

بەڵام سایکس پیکۆ بە هەموو دەسەڵاتی جەبەرووتانەی خۆیەوە نەیتوانی ئەو ئامانجە بپێکێ کە کورد بەرامبەر بە گەڕانەوەی مافی رەوای نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بێدەنگ بکات و سیاسەتی قاتوقڕ کردن وا بکات واز لە خەباتی نەتەوەیی خۆی بێنێ و خۆی رادەستی قەدەر بکات، بەڵکو بە بڕواییێکی تەواو بە مافی رەوای خۆی و بە بڕوابەخۆبوونێکی پۆڵایین، توانی بزاڤی سیاسیی خۆی بەردەوامی پێ بدات، چ بە خەباتی سیاسی، چ بە بەرپاکردنی زنجیرەیەك شۆڕشی چەکداری لە هەر چوار پارچەدا، لەوانەش شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی قازی محەمەد و شۆڕشەکانی بارزان و شێخ مەحموود و چەندین شۆڕشی دی کە تێیدا چەندین داستانی قارەمانەتییان لە مێژووی پڕ لە سەروەری نەتەوەکەیاندا تۆمار کرد، لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا.

بێگومان ئەو باجە نەتەوەیی و نیشتمانییەی کورد لە مێژووی سەربڵندی خۆیدا بەخشیویەتی، بەخششێکی کەم وێنەیە لە مێژووی سەروەری گەلاندا لە پێناو ئازادیدا، لەوانەش ئەنفالکردن و کیمیاباران و راگواستن و گۆڕی بە کۆمەڵ و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان، بەڵام هیچ لەو زەبروزەنگ و ئامرازە سەرکوتکەرانە نەیانتوانی چۆك بە ئیرادەی گەلەکەمان دابدەن و لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لە خەبات بەردەوام بوون.

**● لە رووی ئابوورییەوە:**

یەکێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ سێکتەری ئابووری بووە بۆ دەست بە سەرداگرتنی ئەو وڵاتانەی خاکی بە پیت و دەوڵەمەندیان هەبووە، بەتایبەت لە رووی سامانی سروشتییەوە، کە تێیدا بەشێکی زۆر لەو جوگرافیایەی ئەوان خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە خاکی کوردان بووە و بە سەدان ساڵ پێش

**سەرۆک بارزانی لە پێوادنگی ئەو هەلومەرجە رەخساوە مێژووییەی بۆ کورد فەراهەم بووە و لە سۆنگەی متمانەبوون بە خۆمان و دۆزە رەواکەمان و خوێندنەوەی وردی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کورد، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، کە تێیدا چارەنووسی کورد بۆ ئایندە و مافی سەربەخۆبوونی تێدا زامن دەبێت**

**مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە نزیککردنەوەی تێگەیشتنی جیهانی بۆ دۆزی کورد و پشتگیریکردنی، لە هەمان کاتیشدا ئەزموونی شەڕی داعش و مقاوەمەتی پێشمەرگە دژ بە تیرۆر و ئەو داستانە قارەمانەتییانەی لە بری هەموو جیهان تۆماری کرد، متمانەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کورد زێتر کرد**

**بارێكی نائارام و ناسەقامگیری ئەوتۆ هاتەكایەوە كە تاكی كورد هەمیشە هەست بە تۆقاندن و ترس و رارایی و دڵەڕاوكێ بكات، ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسێ كە بیر لە پرۆسە نیشتمانی و نەتەوەییەكان بكاتەوە، بەڵام هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیا شۆڤینی و دیكتاتۆرییانە لە هەمبەر ئیرادەی كورد هەرەسیان هێنا، چونكە چەند ئەوەندەی سیاسەتی بەكارهێنانی زەبروزەنگ توندتر و بە ئێشتر بووە، ئەوەندە رۆحی مقاوەمەتكردن و بەرەنگاربوونەوەی لای كورد بەهێزتر بووە**

**سایكس پیكۆ بە هەموو دەسەڵاتی جەبەرووتانەی خۆیەوە نەیتوانی ئەو ئامانجە بپێكێ كە كورد بەرامبەر بە گەڕانەوەی مافی رەوای نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بێدەنگ بكات و سیاسەتی قاتوقڕ كردن وا بكات واز لە خەباتی نەتەوەیی خۆی بێنێ و خۆی رادەستی قەدەر بكات**

لەدایكبوونی ساڵی زایینی كوردی تێدا نیشتەجێ بووە، بۆیە سایكس پیكو یەكەم زەبری ئابووری بوو كە بەر خاكی كوردان كەوت بۆ ئەوەی ئەو گەلە دوور لە سامانی نیشتمانی خۆی نەتوانێت سێكتەری ئابووری بكات بە فاكتەرێك بۆ خۆبەڕێوەبردن و ژیانەوە و بەرەو پێشڤەچوونی خۆی، چونكە بەر لەو داگیركردنە ئەوان لەوە دڵنیابوون كە گەلێك لە سەر خاكێكی وا بە پیت و بەرەكەت بژیت، دەتوانێت بارێكی ئابووری سەقامگیر دروست بكات و ببێت بە فاكتەرێك بۆ خۆدروستكردن، بۆیە جگە لەوەی هاوپەیمانان توانییان ئامانجی خۆیان بۆ بەدیهێنانی تەماعكارییە ئابوورییەكانی خۆیان بپێكن، لە هەمان كاتیشدا توانییان كورد دوور بخەنەوە لە بەهێزترین چەكێك كە سەربەخۆبوون بوو.

● **لە رووی كۆمەڵایەتییەوە:**

سایكس پیكۆ بەو ئایدیۆلۆژیایەی كاری بۆ دەكرد، كۆمەڵگەی كوردی لە ژێر زەبر و زەنگی ئەو رژێمە یەك لە دوای یەكانەی حوكمی كوردستانی گەورەیان دەكرد، دەروازەكانی زمان و كەلتوور و زانست و مەعریفە و شارستانییەتیان بە رووی كوردا تەسك كردەوە، هەوڵی ئەوەیاندا سانسۆر بخەنە سەر هەر هەموو ئەو پرۆسانەی كە بۆنی نیشتمانی و نەتەوەیی و بە مەدەنی بوونیان لێوە دێت، بارێكی نائارام و ناسەقامگیری ئەوتۆ هاتەكایەوە كە تاكی كورد هەمیشە هەست بە تۆقاندن و ترس و رارایی و دڵەڕاوكێ بكات، ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسێ كە بیر لە پرۆسە نیشتمانی و نەتەوەییەكان بكاتەوە، بەڵام هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیا شۆڤینی و دیكتاتۆرییانە لە هەمبەر ئیرادەی كورد هەرەسیان هێنا، چونكە چەند ئەوەندەی سیاسەتی بەكارهێنانی زەبروزەنگ توندتر و بە ئێشتر بووە، ئەوەندە رۆحی مقاوەمەتكردن و بەرەنگاربوونەوەی لای كورد بەهێزتر بووە .

ئەو مقاوەمەت و بڕوابەخۆبوونەوەی كورد لە سەدەی رابردوودا تۆماری كرد، زۆر چەمكی سیاسی لە تێگەیشتنی جیهان بەرامبەر بە كورد گۆڕی، بەتایبەت لە كوردستانی باشووردا، بە هۆی سیاسەتی حەكیمانەی بارزانی نەمر لە شۆڕشی ئەیلوول و لە سەردەمی نوێی شۆڕشی گوڵان و ئەو بزاڤە سیاسییە گشتییەی بەرهەمی خەباتی سەد ساڵەی كورد و قوربانییەكانی، بوون بە مایەی ئەوەی ئەو وڵاتە هاوپەیمانانە و زۆر لە وڵاتانی دنیا چاو بە ستراتیژیەتی خۆیاندا بخشێننەوە بەرامبەر بە دۆزی كورد، بەتایبەت دوای راپەڕینە مەزنەكەی كورد لە ساڵی ١٩٩١ و دروستكردنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەزموونی چەند ساڵەی خۆبەڕێوەبردن لە دەسەڵاتی فیدڕاڵی كوردستان و ئەو ئازادی و كەشوهەوا دیموكراسییەی هاتەئاراوە، هەرێمی كوردستان بوو بە پێگەیەك بۆ ئارامی و سەقامگیریی هەموو مەزهەب و نەتەوەكان و نموونەیەكی هەرە زیندوو بۆ ئیدارەی سەركەوتوو بوو، كە تێیدا مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان رۆڵێكی دیار و بەرچاوی هەبوو لە نزیككردنەوەی تێگەیشتنی جیهانی بۆ دۆزی كورد و پشتگیریكردنی، لە هەمان كاتیشدا ئەزموونی شەڕی داعش و مقاوەمەتی پێشمەرگە دژ بە تیرۆر و ئەو داستانە قارەمانەتییانەی لە بری هەموو جیهان تۆماری كرد، متمانەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە كورد زێتر كرد و ئەو پێوەندییەی لەو سۆنگەیەوە لەگەڵ كوردستان دروست بوو، كوردستانی هێنایە ریزی وڵاتە سەربەخۆكانی جیهان، كە هەموو بنەماكانی بە دەوڵەت بوون هەڵگرێ، تەنیا ددان پێدانانێكی فەرمی نەبێت لە نەتەوە یەكگرتووەكانەوە.

دوای ئەوەش كە لەو ماوەیەدا یادی ١٠٠ ساڵەی رێككەوتنی سایكس پیكۆ لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانكارییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییانەی هاتنەپێشەوە، كورد لە چاوەڕوانی ئەوەدایە كە چاوخشانەوە بە رێككەوتننامەی سایكس پیكۆ-دا بكرێت و تێیدا مافی بزركراوی سەد ساڵەی كوردی تێدا زامن بكرێت. بە كردەش سەرۆك بارزانی لە پێودانگی ئەو هەلومەرجە رەخساوە مێژووییەی بۆ كورد فەراهەم بووە و لە سۆنگەی متمانەبوون بە خۆمان و دۆزە رەواكەمان و خوێندنەوەی وردی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە كورد، بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، كە تێیدا چارەنووسی كورد بۆ ئایندە و مافی سەربەخۆبوونی تێدا زامن دەبێت، ئەم بڕیارەش وەك سەرۆك بارزانی گوتوویەتی، چەند سەخت و دژوار بێت، بەڵام كاتی راگەیاندنی هاتووە، بۆ ئەوەی خەونی سەدساڵەی كوردی تێدا ببێت بە راستی و كورد وەك هەر نەتەوەیەكی دیكەی سەر ئەو گۆیێ زەمینە كۆتایی بە پەراوێزخستنی بێت و ببێت بە وڵاتێكی كاریگەر و ئاشتیخواز و دیموكراتخواز لەو ناوچەیە و ئاڵای شەكاوەی كوردستان لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا بشەكێتەوە.

---

* **سەرۆكی زانكۆی سەلاحەدین / هەولێر**

# سەد سالێن پر ژ میهنەتی

پاش ب دوماهی هاتنا شەرێ جیهانیێ ئێکێ، نەخشێ سیاسیێ دەڤەرا روژهەلاتا ناڤەراست گوهرینێن بنەرەتی ب سەردا هاتن، پەیماننامە سایکس- پیکو کو دناڤبەرا بریتانیا، فرانسە و ب هاریکاریا روسیێ هاتبوو بەستن (پاش شورەشا ئوکتوبەرێ روسیای خوە ژێ ڤەکێشا) دەڤەرێن ژێر دەستهەلاتا ئیمپراتوریەتا عوسمانی کو توشی هەلوەشانێ ببون دابەشکرن. و بو ئەگەرێ دروست بونا دەولەتێن ئیراق، سوریا، لوبنانێ و وەلاتێن دیترێن عەرەبی. رێکەفتنەك کو پشتی سەد سالان نەشیا سەقامگیری و ئاشتییێ بو دەڤەرا روژهەلاتا ناڤین دابین بکەت.

دەولەتا ئیراقێ هەر ژ دەستپێکا دامەزراندنا خوە ژ بلی نەهامەتی و دەربەدەری، ئەنفال، جینوسایدی و کیمیاباران و خرابکرنا ٤,٥٠٠ گوندان تشتەک دیتر بو کوردستانیان بەرهەم نەئینایە.ئێراقێ پتر روالەتا دەولەتەکا (بەغدا) هەبوویە و هەر ژ دامەزراندنا خوە تا نوکە ب فاشلترین دەولەت دهێتە ناس کرن، ب ئاوایەکێ کو پشتی سێزدە سالێن روخاندنا رژیما بەعس ژی نەشیا کوردستان و پێکهاتێن دینی و نەتەوەیی ژ هێرشێن سنوری یێن دەولەتێن جیران و ژ شەرێ داعش بپارێزیت، و د شەرێ داعش دا ئابلوقا چەکی، ب سەختی ئێخستە ل سەر هەرێمێ.

هەرچەند سەرکردێن سیاسییێن هەرێمێ هەمی هەولێن خوە بو ئاشتەوایا سیاسی، جڤاکی و شەراکەتا راستەقینە بو پراکتیزەکرنا دیموکراسیەتێ ل بەغدا دان، لێ سەرکردێن ئیراقێ ئەڤ شەراکەتە بەرەف هەلدێرانێ برن.

ئەڤرو قەناعەتەکا تەمام بو پرانی یا وەلاتێن ئازاد و بریار بدەستێن جیهانێ دروست بوویە کو بەردەوام بونا جیوسیاسی ل سەر مودێلا سایکس-پیکۆ ئالوزی و گرفتان زێدەتر دکەت و ململانا تایفی، مەزهەبی و نەتەوەیی دێ قولتر و بەرفرەهتر لێ کەت، تێرور گەشە و ئاسایشا جیهانی دێ کەڤیتە ژێر هەرەشەیەکا جدی دا، روژهەلاتا ناڤەراست بلەز یا بەرەف وەرچەرخانەکا گرنگ یا مێژوویی دچیت و گورانکاری ل سەر هەڤپەیمانیاندا دهێت، د ڤان گورانکاریان دا رولێ کوردان دێ یێ بنگەهین بیت، سنورێن دەستکردێن کو ب زور ل سەر کوردان



ئامینا زکری



دا هاتینە سەپاندن پێدڤیە بـ ئیرادا راستەقینەیا گەلان و ئاكنجییێن دەڤەرێ سەر ژ نوی بهێنە دارشتن. نها پرسا ریڤراندۆم و سەربەخویا كوردستانێ د مەیدانا سیاسی یا هەرێمێ دا و د پرسێن گرنگن روژێ نە.

هەرچەند شێوێ دامەزراندنا دەولەتا سەربەخوی بـ تنێ فورمەكێ دیار كری نینە، و یا گرێدایە بـ فاكتەرێن سیاسی و نێڤ نەتەوەی ڤە، جار هەیە بنەماییێن دامەزراندنا دەولەتا سەربەخو د ئامادەنە، لێ ئیمكانا دامەزراندنا دەولەت نینە و هندەك جاران ژی هەرچەند بنەماییێن دەولەتێ بەرهەڤ نینن، لێ دەولەت دهێتە دامەزراندن.

هەلبەت دەولەت و ریڤراندۆم دو پرسێن جیاوازن، و ئەنجامدانا ریڤراندۆمێ بـ مانایا راگەهاندنا دەولەتێ نینە بەلكو ژ بو هندێ یە كو:

١. رەئی و بوچونێن گەلی بزانن، ئایا دخوازن دگەل وێ وەلاتێ كو تێدا دژین، بژین یان دڤێن سەربەخوییا خوە هەبیت.

٢. بەلگەیەكا بهێزە، بەرامبەر دامودەزگەهێن نێڤدەولەتی بو هندێ كو ددەمێ پێدڤی بو راگەهاندنا دەولەتێ دا بكار بینن، چونكە ئەڤە مافەكێ سروشتیە و كومەلگەها نێڤدەولەتی دانپیدانێ پێ دكەن.

بـ دیتنا من گرفتا سەرەكیا كوردان نەبونا ستراتیژیەتا هەڤبەشا نەتەوەیی یە و تا نوكە هەڤپەیمانەتیا نەتەوەی یا گشتگیر دروست نەبویە، نەبونا ستراتیژیا هەڤبەشا سیاسی و نە سەقامگیری یا د گوتارا هەڤبەشا نەتەوەییدا دوو بەرەییێن سەربەخو و دژە سەربەخو لـ هەرێمێ دروست كریە، تا نوكە بەشەك ژ حزبێن كوردستانێ لـ گور بەرژەوەندییێن دەمی و حزبیانەییێن خوە رەفتارێ دكەن.و بەرامبەر بەرژەوەندییێن نەتەوەی وازێ ژ حیساباتێن كەسوكی و تایبەتی ییێن خوە نائینن.

سەروك بارزانی د جڤینا ٢٠١٤-٠٧-٠٣ لـ پەرلەمانێ كوردستانێ، پەرلەمان راسپارد كو دیراسەتێ لـ سەر ریڤراندۆم و دەستنیشانكرنا دەمێ وێ دا بكەن و هەروەسان د جڤینا ٢٠١٥-٠٥-١٨ دگەل لایەنێن سیاسی داخواز ژ هەمی لایانەن كر كو ژورا عەمەلیاتان د ماوێ هەفتیەكێ دا بو ئامادەكاری بو ریڤراندۆمێ پێك بینن، لێ بـ مخابنی ڤە لایەنێن دژە سەربەخویا كوردستانێ هەولێن پێك نە ئینانا ڤێ ژورێ كرن و هەمی هەول دان كو ستراتیژیەتا هەڤبەشا نشتیمانی بو ئەنجامدانا ریڤراندۆمێ پێك نەهێت، گومان تێدا نینە كو سەروك بارزانی سەركێشیا بجهـ ئینانا خەونا دێرین یا كوردستانیان دكەت و ریڤراندۆم و سەربەخویا كوردستانێ د فەرهەنگا سیاسی یا كوردستانێ دا بنەجهـ كر.

لایەنێن دژە سەربەخوێی، نابیت بـ هێجەتا قەیرانێن دارایی دەو و دوشاڤێ تێكەل بكەن (هەرچەند ئەڤ دوخێ ئابوری بەردەوام نابیت و یا وەختی یە) چەند وەلاتێن سەربەخوەییێن جیهانێ ییێت هەین كو بارودوخێ ئابوریا وان زور ژ باشورێ كوردستانێ خراپترە بەس ئامادە نینن ئازادیا وەلاتێ خوە بـ پارە بگوهرن.

لـ هەرێمێ سەرەرای هەمی كوسپێن هەی، نوكە زەمینە زور یا گونجاوە بو ئارمانجا نەتەوەیی و ریڤراندۆمێ، دامەزراندنا دەولەتا كوردی زور گرێ و كێشێن چەقبەستییێن روژهەلاتا ناڤەراست دێ چارەسەر كەت، و سەقامگیریێ بو دەڤەرێ دێ بەرهەم ئینیت، چونكە دەولەتا كوردی دەولەتەكا ئێتنیكی نابیت كو لـ سەر بنەمایێ قەومیەتەكا تایبەت یان تاك حزبی و ئایدولوژیەكا بەرتەسك دامەزریت، بەلكو دێ بیتە پرەكا پێكڤە گرێدانا نەتەوا كورد و نەتەوەییێن جیران كو مافێ كلتوری، زمان، نەتەوە، ئول و هەمی پێكهاتێن د ناڤخودا بـ ئێكسانی یێ پاراستی بیت.

لایەنێن دژە سەربەخوێی، نابیت بـ هێجەتا قەیرانێن دارایی دەو و دوشاڤێ تێكەل بكەن (هەرچەند ئەڤ دوخێ ئابوری بەردەوام نابیت و یا وەختی یە) چەند وەلاتێن سەربەخوەییێن جیهانێ ییێت هەین كو بارودوخێ ئابوریا وان زور ژ باشورێ كوردستانێ خراپترە بەس ئامادە نینن ئازادیا وەلاتێ خوە بـ پارە بگوهرن

دەولەتا كوردی دەولەتەكا ئێتنیكی نابیت كو لـ سەر بنەمایێ قەومیەتەكا تایبەت یان تاک حزبی و ئایدولوژیەكا بەرتەسک دامەزریت، بەلكو دێ بیتە پرەكا پێكڤە گرێدانا نەتەوا كورد و نەتەوەییێن جیران كو مافێ كلتوری، زمان، نەتەوە، ئول و هەمی پێكهاتێن د ناڤخودا بـ ئێكسانی یێ پاراستی بیت



ب سەربەخویا کوردستانێ، دێ ئەڤ ئەنجامێن ئەرینی هەبن :

١. سیاسەتا دەرڤە، نوینەراتیا دیپلوماسی، پەیماننامە و رێکەفتنێن دەولی و سیاسەتا ئابوری و بازرگانی دێ رەسم کەت.

٢. دامودەزگەهێن حوکمەتێ دێ ب سیستەماتیك هێنە رێکخستن.

٣. راستەوخو دێ شێین نەفتێ بفروشین، و ل گور شەرت و مەرجێن ناڤخویی بکرا پەیدا بکەین.

٤. ژێرخانا ئابوری و پیشەسازی یا بهێزتر ئاڤا بکەین.

٥. گرێبەستێن نەفتی دگەل کومپانییێن نێڤدەولەتی د بەرژەوەندا کوردستانێ دا دێ هێنە رێکخستن، و دەولەت مەرجێن خوە ل سەر کومپانیا دێ سەپینیت.

٦. ئەسمانێ کوردستانێ ژ دەست ئیراقێ دێ رزگار بیت.

٧. هەر دەمێ توشی مەترسیێن دەرەکی بین کومەلگەها نێڤدەولەتی هاریکاریا حکومەتی دکەت.

٨. شەرێ داعش باشترین نمونە بو کو هەرێما کوردستانێ هەرچەند ب نونەراتیا هەمی جیهانێ شەرێ تێروریستێن داعش دکر، لێ کومەلگەها نیڤدەولەتی نەدشیان راستەوخو چەك و تەقەمەنیان پێشکێشی هەرێمێ بکەن.

٩. کوردستان دێ بیتە ئەندام د نەتەوەیێن ئێکگرتی دا و ئامادەیی دێ ل جڤاتا نیڤدەولەتیدا هەبیت.

١٠. هەرێم دو سالە ژلایێ ئێراقێ ڤە، توشی سزایا ئابوری ب برینا موچەو بودجێ ڤە هاتیە کرن، و قەیرانا دارایی یا کو ب ئەگەرا دابەزینا بهایێ نەفتێ و هاتنا ١,٧٠٠,٠٠٠ ئاواران بو هەرێمێ و شەرێ داعش و مەسرەفێ بەروکێن شەری، لێ هەرێم نەشیا راستەوخو قەرزی ژی صندوقا نەقدا نێڤدەولەتی وەربگریت، لێ ئەگەر خودان دەولەت بین بانکا نێڤدەولەتی و صندوقا نەقدی دێ هاریکاریان پێشکێش کەتن.

١١. داهاتێن ناڤخوی و گومرك بو ئیراقێ ناچن و هەمو ژێدەرێن دارایی بو خەلك و گەلێ کوردستانێ و ئاڤا کرنا ژێرخانا ئابوری دێ هێتە مەزاختن.

رێفراندۆم و دەولەت واقعەکە، پێدڤییە هەمی لایەنێن سیاسی د ئاستێ ڤێ بەرپرسیاریەتیا مێژووی دا پێهنگاڤا بهاڤێژن و پشتەڤانیا سەروك بارزانی بو ئەنجامدانا رێفراندۆمێ بکەن و ب گوتارەکا نشتیمانی، پرسێن نشتیمانی چارەسەر بکەن، و هەر لایەنەکێ خوە ژێ ڤەدزیت، ژلایێ گەلێ کوردستانێ ڤە دێ هێتە سزادان و مێژوو رەحمێ پێ ناکەت.

**رێفراندۆم و دەولەت واقعەکە، پێدڤییە هەمی لایەنێن سیاسی د ئاستێ ڤێ بەرپرسیاریەتیا مێژووی دا پێهنگاڤا بهاڤێژن و پشتەڤانیا سەروک بارزانی بو ئەنجامدانا رێفراندۆمێ بکەن و ب گوتارەکا نشتیمانی، پرسێن نشتیمانی چارەسەر بکەن**

# ڕۆژەکان بۆ گەیشتن بە لوتکە ئەوەندەیان نەماوە



ڕێباز عوسمان

کوردستان ئەمڕۆ مایەی سەربەرزی هەموو تاکێکی کوردە، چونکە هێزێکی وەك پێشمەرگە بەرگریکاریەتی کە هەموو جیهانی تووشی سەرسوڕمان کردووە. پێشمەرگە بە هێز و تواناکانیەوە وڵاتە زلهێزەکانی تووشی رکابەری کردووە بۆ خزمەتکردن و بە دەنگەوە هاتن و راهێنان و مەشق پێکردنی لە لایەن راوێژکار و پسپۆڕانی شارەزای سەربازییەوە کە لە ئەمریکی و ئەوروپی پێکدێن. ئەوان بە رەچاوکردنی ئەو هێزە خاوەن بیروڕا پتەوە کە بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی دەکات، دەزانن کورد خاوەنی کلیلی گەورەترین دەرگای سەروەرییە بۆ چوونە ناو (ناتۆ) کە دەرگایەکی پارێزگاری پتەوە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

پێشمەرگە بۆ جیهانی سەلماند هێز و توانای سوپایەکی دامەزراوەی هەیە کە ئەوەش بۆ جیهانیان بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن. بێگومان هەر هەرێمێك خاوەن سوپای بەهێز نەبێ بۆ بەرگریگردن لە نەتەوە و

پاراستنی خاکەکەی ناتوانێت سەربەخۆیی بەدەست بێنێت و دەوڵەت رابگەیەنێت. ئەمڕۆ ئێمەی کورد خاوەنی ئەو سوپا بەهێزەین کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و ئەوروپا پێش هەموو وڵاتە دراوسێکان متمانە بە سەربەخۆبوونمان دەکەن .

ئێمەی کورد چیتر ناتوانین لەگەڵ عێراقێکی داڕووخاو لە رووی سیاسی و دارایی و سەربازییەوە بین، کە بە هەموو شێوەیەك لە هاوبەشی بێبەشمان دەکەن و مووچە و بودجەمان دەبڕن. بەو غەدرەوە کوردستانییەك لەگەڵ عێراقییەك ناتوانن هەڵگری یەك ناسنامە و پاسپۆرت بن. جگە لەوەش شەڕی مەزهەبی و تایفی لە عێراق وایکردووە لە جیهاندا و بە چاوی کەم و ناشیرین تەماشای ناسنامە و پاسپۆرتی عێراقی دەکرێت، بۆیە هەر تاکێکی کورد زۆر لەوە گەورەترە کە هەڵگری ناسنامەی عێراقی بێت، کە ئەو ناسنامەیە بووەتە هێمای توندوتیژی و شەڕی مەزهەبی!

گەلی کورد خاوەنی خەبات و لە مێژوودا سەرفرازە و خەباتەکەی رەوا بووە و تێکەڵی توندوتیژی و شەڕی مەزهەبی نەبووە، بۆیە ئێستاش ناکرێ لەگەڵ عێراق و شەڕی شیعە و سوننەدا بژین و پێکەوە یەك ناسنامە و یەك ئاڵامان هەبێت، ئەوە شتێکە بەراوردیش ناکرێ.

ساڵانی پێشوو جگە لەوەی کە باروودۆخی سیاسی گونجاو نەبوو بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، دوو هۆکاری دیکە هەبوون بۆ مانەوە لە عێراقێکی یەکگرتوودا کە وای لێدەکردین ئەو مافەمان دوابخرێت، یەکێك لەو هۆکارانە موسڵمان بوونمان بوو، بە بێ جیاوازی مەزهەبی، دووەمیان رێزگرتن لە ساڵانی پێکەوە ژیانمان بوو، بەڵام عەرەبە عێراقییەکان هیچ کاتێك رەچاوی هیچ مافێکی ئێمەیان نەکرد. ئایینیان بە زمانی عەرەبی بەسەرماندا سەپا، ئێمەی کورد پەیڕەومان کرد و رێزمان گرت، ئەوان نە پەیڕەویان کرد و نە رێزیان لە ئایینەکەی خۆیان گرت، گەڕاشن بە دوای سوورەت و ئایەتەکاندا تا بەهانەیەك بدۆزنەوە چۆن لەناومان ببەن و ئەنفالمان بکەن. ئەمە لە رووی ئایینەوە، لە رووی ساڵانی پێکەوە ژیانیش ئێمەی کورد لەگەڵ عێراقییەکان لە ژێر یەك ئاسمان و لەسەر یەك خاك کە خاکی خۆشمان بووە و بەش کراوە و داگیر کراوە، بۆ ساڵانێکی زۆر پێکەوە ژیاوین، بەڵام ئەوان رەچاوی ئەمەشیان نەکرد. تا ئێستاش عێراقییەکان کە ئاوارەی شەڕن لە خاکی کوردستاندا دەژین و لەلایەن هەر تاکێکی کوردەوە ئەوپەڕی رێزیان لێدەگیرێت، بەڵام ئەوان هێشتا بە هەموو شێوەیەك دژایەتی گەلی کورد دەکەن، بۆیە ئێستا هیچ هۆکارێك، هیچ مانایەك و هیچ بیانوویەك نەماوە بۆ بەردەوامبوون لە ژیان لەگەڵ عێراق و عێراقییەکان .


لە ئێستادا تەنیا رێگە بۆ گەیاندنمان بە لوتکەی رزگاری، سەربەخۆییە و ئەو سەربەخۆییەش یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی هەموو کوردی پێویستە کە بتوانین هەموو پێکەوە دژی هەر رێگرییەك لە بەردەم دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوەستین.

دەبێت هەموومان ئەوە بزانین کە ناسناوی کورد و ناسنامە و پاسپۆرتی کورد لە جیهاندا لە پاش راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان زۆر زۆر جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و رێز و حورمەتی تایبەتی دەبێت لە رووی پێشوازیکردنەوە لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە بۆ ئێمەی کورد، چونکە گەلی کورد سەلماندی کە راستگۆیە لە پەیماندا لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا و جەنابی سەرۆك بارزانی بناغەیەکی زۆر پتەوی لە سەروەری و سەربەرزی بۆ کوردستان و هەموو کوردێك داناوە، بۆ ئەوەی هەموومان سەربڵند بین لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایە کە بڵێین کوردین. سەرۆك بارزانی تەنیا سەرۆکی هەرێم نییە، بەڵکو پێشمەرگەی خەباتکار و سیاسەتمەدارێکە لەسەر ئاستی جیهان کە بەتایبەت گوێی لێدەگیرێت و پرسی پێدەکرێت و کار بە نەخشەسازییەکانی دەکرێت، بۆیە پاڵپشتیمان بۆ جەنابی سەرۆك پاڵپشتییە بۆ سەربەرزی و سەربەخۆییەکی هەتا هەتایی، پێشمەرگەی کوردستانیش سەلماندوویەتی کە هێزێکی خاوەن ئیرادە و بیروڕای پتەوە بۆ بەرگریکردن لە خاك و شەرەفی هەموو تاکێکی کورد و لە ئێستاشدا لە بری هەموو جیهان شەڕی دژی تیرۆریستان دەکات. پێشمەرگە بە درێژایی مێژوو چاوی لە خاکی وڵاتان نەبووە، تەعەددای لە کەس نەکردووە و تەعەدداش لە کەس قبوڵ ناکات. هەر ئەو خەسڵەتانەی پێشمەرگەن کە کوردیان لە لای گەلانی جیهان خۆشەویست کردووە.

* مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

**ئەمڕۆ ئێمەی کورد خاوەنی ئەو سوپا بەهێزەین کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و ئەوروپا پێش هەموو وڵاتە دراوسێکان متمانە بە سەربەخۆبوونمان دەکەن**

**لە ئێستادا تەنیا رێگە بۆ گەیاندنمان بە لوتکەی رزگاری، سەربەخۆییە و ئەو سەربەخۆییەش یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی هەموو کوردی پێویستە کە بتوانین هەموو پێکەوە دژی هەر رێگرییەك لە بەردەم دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوەستین.**



**ئالۆن بن مایەر پرۆفیسۆر و توێژەرە لە سەنتەری کاروبارە جیهانییەکان لە زانکۆی نیویۆرک، هەروەها بەڕێوەری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ئامۆژگای سیاسەتی جیهانی. شارەزای سیاسەت و کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و تایبەتمەندە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. بۆ تاوتوێکردنی ئاستی ئامادەکارییەکان بۆ شەڕی رزگارکردنی موسڵ و ئەگەری هۆکارە ریشەییەکانی دروستبوون و مانەوەی داعش و پرسی دابەشبوونی عێراق و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن لە ئامادەکارییەکانی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دەڕوانیت و ئەو ئەگەر و پێشهاتانە چین کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن؟ ئایا پلانی دوای ئازادکردنەکە بە هەمان ئەندازەی گرتنەوەی شارەکە گرینگ نییە؟**

- من هەمیشە بە گومان بووم لە بارەی پێداویستییەکانی گرتنەوەی موسڵ، واتە ئەمەم وتووە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە کە گرتنەوەی موسڵ ژمارەیەکی زۆری هێزی زەمینی دەوێت، کە هێزی زەمینی عێراقیش بە تەنیا بەس نییە، تەنانەت ئەگەر ئەم کارە بە بە پاڵپشتی هێزە کوردییەکانیش بکرێت، هێشتا ئەوەش بەس نییە. چونکە لە رووی عەمەلییەوە موسڵ گەورەترین پێگەی داعشە، واتە ئەوان تا دواچەکداریان شەڕی لەسەر دەکەن ئەگەر ناچار بن. ئەمەش بە واتای ئەوەی ئەگەر هێزێکی زەمینی گەورە بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی شەڕ نەکەن، ئەوا دەبێتە شەڕی ماڵ بە ماڵ و کولان بە کولان، ئەو کاتە بە ئەندازەیەکی گەورە زیانی لاوەکی دێتەئاراوە و موسڵ وێران دەبێت. لەبەر ئەوە پێشبینی ئەوە ناکەم کە هاوپەیمانان- بە دڵنیاییەوە هێزەکانی عێراقیش- بەم نزیکانە دەست بدەنە هێرشی گرتنەوەی موسڵ، چونکە هێشتا ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە تەواو نەبوون، ئامادەکارییە لۆجیستیەکان و کۆکردنەوەی هێزیش بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی لەو چەشنە کاتی دەوێت و پێویستە ئەم هێرشەش لە چەند قۆڵێکەوە ئەنجام بدرێت. ئەمە

## ئالۆن بن مایەر

### شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گەیشتۆتە قەناعەت کوردستان سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، بەڵام پێیان باشە دوای نەمانی داعش ئەمە رووبدات

هەڵمەت و هێرشێکی زۆر قورسە، بەڵام هێشتا لایەنە سەربازییەکە دەستەبەرنەکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و بە دڵنیاییەوە سوپای عێراقیش ئامادەی هێرشێکی گەورەی لەم چەشنە نییە. ئەمە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم ئەوەیە کە راستە داعش لە پاشەکشەدایە، بەڵام هێشتا زۆرمان ماوە تێکیبشکێنین، لە لایەکی دیکەوە رەنگە لە سەدا ٦٠ بۆ ٨٠ی رێکخراوی داعش تێکبشکێت، بەڵام ناتوانین ئایدیۆلۆژیایەك لە ناو ببەین، واتە تاوەکو تەواوی بونیادەکەی وێران نەکرێت، ئەوا ترس و تۆقاندن دەخەنە دڵی خەڵکەوە لە شوێنەکانی دیکە و حاڵی حازریش لە هەندێ شوێنی ناوچەکە ئەم کارە دەکەن. لێرە سەرۆك و جێگری سەرۆك- ئەمەریکا- خوازیارن بڵێین بەرەوپێشچوونی گەورە لە دژی داعش بەدی هاتووە، راستە لەم رووەوە بەرەوپێشچوون روویداوە، بەڵام من پێشبینی ناکەم پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا، موسڵ ئازاد بکرێتەوە.

*** ڕاو بۆچوونی ئێوە لە بارەی بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵدا چییە؟ ئایا ئەمە چ مەترسییەك لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، یاخود ئایا کاردانەوەی خەڵکی موسڵ چی دەبێت، بە تایبەتی کە مەترسی ئەوە هەیە چەکدارانی حەشدی شەعبی پێشێلکاری و تاوانکاری ئەنجام بدەن؟**

- ئەمە بابەتێکە زۆری لەبارەوە وتراوە، ناکۆکیی جددی هەیە لە نێوان شیعە و سوننە، بۆ نموونە، سعودیە کە پاڵپشتی یاخیبووانی سووری دەکات لە دژی بەشار ئەسەد، خوازیاری ئەوە نییە ئێران بەشدارییەکی قووڵی هەبێت لە شەڕی دژ بە داعشدا، بۆ ئەوەش پاساوی خۆی هەیە، سعودیە نایەوێت ئێران جێ پێی خۆی لە عێراقدا بچەسپێنێت. لەوەش زیاتر- ئەمە تێگەیشتنی منە- دەوڵەتە سوننەکان، بە کوردەوە نایانەوێت ئێران لە بەر دەرگا و دەروازەکانیان بێت، ئیدی ئەو ئامادەبوونەی ئێران لە شێوەی میلیشیادا بێت، یان هەر هێزێکی شەڕکەری دیکە. لەبەر ئەوە هەر کاتێك ئەو هێزانە جێ پێی خۆیان قایم کرد، پاشەکشەپێکردنیان ئاسان نابێت. هەر لە بەر هەمان هۆ ئەمەریکاش نایەوێت ئێران ئەوەندە رۆبچێتە نێو کاروبارەکانی عێراقەوە. کەواتە ناکۆکیی جددی لە نێوان گەمەکارە جیاوازەکاندا هەیە لە بارەی ئەوەی دەبێت ئێران چ رۆڵێکی هەبێت- هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێران بە قووڵی رۆچۆتە کاروبارەکانی عێراقەوە، ئەوا ناتوانن رێگاچارەیەك گەڵاڵە بکەن لە بارەی چۆنیەتی تێکشکاندنی داعش و چۆنیەتی هەماهەنگیکردن لە نێوان ئەو هەموو هێزانەدا، کە هێزەکاین نێو

**ساڵی پار کاتێک سەرۆک بارزانی لە واشنتۆن بوو، من بە شەخسی قسەم لەگەڵدا کرد و ئەو زۆر راشکاو بوو لەبارەی سەربەخۆبوونی کوردستانەوە و مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا ئەمە روودەدات، بەڵکو ئەوەیە کەی روودەدات، هەروەها من قسەم لەگەڵ کەسانی نێو وەزارەتی دەرەوەشدا کرد و ئەوان دووپاتیان کردەوە کە ١٠٠٪ ناتوانن لە هەنگاوهەڵگرتنیاندا بەرەو سەربەخۆیی رێگری لە کوردی عێراق بکەن، کە خاوەنی هەرێمی خۆبەڕێوبەر -ئۆتۆنۆمی-ن**

**راستە ئەو وڵاتانە لە سەربەخۆیی کوردستان نیگەران دەبن، بەڵام هیچ کارێک ئەنجام نادەن، رەنگە لە سەرەتادا رابگەیەنن کە چیتر پێوەندی بازرگانی لەگەڵدا ناکەن و لێدوانی هاوشێوە بدەن، بەڵام دۆستەکانی ئێوە لە دوژمنەکانتان زیاترن و ئەمەش گرنگترین شتە کە دەبێت لە یادتان بێت**

**ئەگەر ئێستا سەرۆک بارزانی راوێژم پێ بکات، ئەوا دەڵێم لە حاڵەتی راگەیاندنی سەربەخۆییدا، تورکیا هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، چونکە سەرقاڵی بازرگانییە لەگەڵ کورد، لە بواری نەوت و بوارەکانی دیکە، چ جای ئەوەی کوردستان داگیر بکات، ئەمە روونادات. عێراق بوێری ئەوە ناکات هێز بنێرێت بۆ باکوور و شەڕ بکات، لەبەر هۆکارێکی سادە، چونکە دووچاری شەرمەزارییەکی گەورە دەبێت**

**ئەو کاتەی کوردستان سەربەخۆیی رابگەیەنێت، لەوە دڵنیام کە بە دەیان دەوڵەت راستەوخۆ ئیعتیراف بە دەوڵەتی کوردستان دەکەن**

رۆژئاوا و وڵاتە عەرەبییەکان و ئەمەریکا و ئێران و رووسیا لە خۆدەگرن. کەواتە ئەمە هاوپەیمانێتییەکە کە هەماهەنگیکردن تێیدا زۆر قورسە، بە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی لایەنە جیاوازەکان وەك یەك نین. بۆ نموونە، ئەمەریکا خوازیاری رزگارکردنی موسڵ و هێشتنەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی، بەڵام عێراق نابێتەوە وڵاتێکی یەکپارچە، تەنانەت ئەگەر داعشیش تێکبشکێندرێت. ساڵی پار کاتێك سەرۆك بارزانی لە واشنتۆن بوو، من بە شەخسی قسەم لەگەڵدا کرد و ئەو زۆر راشکاو بوو لەبارەی سەربەخۆبوونی کوردستانەوە و مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا ئەمە روودەدات، بەڵکو ئەوەیە کەی روودەدات، هەروەها من قسەم لەگەڵ کەسانی نێو وەزارەتی دەرەوەشدا کرد و ئەوان دووپاتیان کردەوە کە ١٠٠٪ ناتوانن لە هەنگاوهەڵگرتنیاندا بەرەو سەربەخۆیی رێگری لە کوردی عێراق بکەن، کە خاوەنی هەرێمی خۆبەڕێوبەر-ئۆتۆنۆمی-ین، هەروەها پێیان راگەیاندم کوردی عێراق سەرچاوەی خۆیان هەیە، خاوەنی ئیدارەی خۆیانن و ژێرخانی دەوڵەتیان هەیە، سوپا و دەزگای ئەمنی و هەواڵگری خۆیان هەیە و لە لەلایەن وڵاتگەلی جیاوازەوە پشتیوانی دەکرێن، لە نێویاندا ئیسرائیل. کەوابێ ئەوان سەربەخۆ دەبن، لەبەر ئەوە هەموو ئەو قسە و باسانەی لەبارەی عێراقێکی یەکپارچە دەکرێن، قسەی بێمانان و عێراق نابێتەوە بە وڵاتێکی یەکپارچە.

*** تا ئێستا کورد تاکە هێزێکی زەمینی کاریگەرە کە بە هاوکاری گورزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان توانیویەتی داعش تێکبشکێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا رۆڵی پێشمەرگە لە پرۆسەی رزگارکردنی موسڵدا چۆن دەبینیت؟**

- پێشمەرگە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی دەبێت، چونکە کورد بەرژەوەندییەکی زۆری لە موسڵدا هەیە و ئەم شارە جێی نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆری کوردە، واتە بەرژەوەندییەکی زۆریان هەیە لە گرتنەوەی ئەم شارەدا. بەڵام کاتێك هێزی دیکە بەشداری دەبن وەك سوپای عێراق، وەك ئێران و رووسیا و ئەمەریکا، ئەوا بەرژەوەندی ناکۆك بە یەك دروست دەبێت، چونکە ئەو لایەنانە بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە. بەڵام بە چاوپۆشین لەوەی ئەم هێرشە چۆن ئەنجام دەدرێت، ئەوا خەڵکی موسڵ زیانێکی زۆر دەکەن، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەمە دوایین پێگەی بەهێزی داعش دەبێت و ئەوان تا دواچەکدار شەڕی لەسەر دەکەن. کەواتە رۆڵی پێشمەرگە یەکلاکەرەوە دەبێت و دڵنیام لە هێرشەکەدا رۆڵیان دەبێت.

*** ئەوەی ئاشکرایە کە داعش دەرهاویشتەی نەخۆشییەکەیە و خودی کێشەکە نییە، بەڵکو ریشەی کێشەکە بریتییە لە سیاسەتە تایفەگەرییەکانی سەردەمی مالیکی لە عێراق و رژێمی ئەسەد لە سووریادا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا چۆن بەرەنگاری ئەم پرسە دەبێتەوە و ئایا جگە لە پلانی سەربازی بۆ هێرشکردنەسەر موسڵ، پلانێکی سیاسیشی بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو شارە لە دوای داعشەوە هەیە؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد تەواو راست و دروستە، دەرفەتم بدەن جەخت لەسەر چەند مەسەلەیەك بکەمەوە. دروستبوونی داعش لە سەرەتادا و دواتر دەرکەوتنی بە رادەیەکی گەورە دەرهاویشتەی شەڕی عێراقە، داعش لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا دروست نەبووە، بەڵکو راستەوخۆ دوای شەڕەکەی عێراق دروست بووە. کەواتە و تاوەکو ناکۆکیی شیعە و سوننە بەردەوام بێت و شەڕی ناوخۆیی —ئەمری واقیع- لەم وڵاتەدا درێژەی هەبێت کە کەس باسی ناکات -لە کاتێکدا ئەمە لە رووی ئەمری واقیعەوە شەڕێکی ناوخۆییە، دۆخی عێراق بەو شێوەیە لەرزۆك و داعشیش بەردەوام دەبێت. تەقینەوەکانی هەفتەی رابردوو گیانی نزیکەی ٢٠٠ کەسی کردە قوربانی و بە سەدان کەسی دیکەش بریندار بوون، کەواتە تاوەکو ئەم شەڕانە بەردەوام بن، ئەوا داعشیش بەردەوام دەبێت. واتە داعش دەرهاویشتەی ئەم دۆخەیە و ئەم نەخۆشییەکە لە سووریا و عێراقدا جێی خۆی کردۆتەوە و داعش دەرئەنجامی ئەو نەخۆشییەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو کە پێشتر وتم دەتوانیت داعش وەك رێکخراوێك تێکبشکێنیت، نەك وەك ئایدیۆلۆژیا، چونکە تاوەکو دۆخەکە لە عێراق و سووریا و تا رادەیەك لوبنانیش لەبار بێت بۆ تەقینەوە لە نێوان پێکهاتە تایفەگەرە جیاوازەکاندا، ئەوا هەر گروپێکی تیرۆریستی و هەر گروپێکی توندڕەو دەتوانێت سوود لەم ناکۆکی و شەڕە ناوخۆییانەی نێوان ئەم پێکهاتە جیاوازانە وەربگرێت. کەواتە دەبێت ئەمە چارەسەرەکە بێت، بەڵام ئەوەندەی من دەتوانم لەبارەی عێراقەوە بیڵێم، ئەوەیە کە ئەم چارەسەرە لە ئارادا نییە، چونکە من قسەم لەگەڵ هەر بەرپرسێکی باڵای عێراقدا کردبێت، گەشبین نەبووە بە ئایندەی عێراق، لە بارەی ئەوەی ساڵی داهاتوو، یان ساڵانی دواتر روودەدەن. ئەمەریکا رووی لە عێراق کرد و پێی راگەیاند خوازیاری حکومەتێکی یەکگرتووین لە عێراقدا و وەڵامی عێراقیش ئەوە بوو کە حکومەتی یەکگرتوو لە

ئارادایە و سوننە و کوردیش بەشداری دەکەن، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە حکومەتی شیعە بایەخ بە هیچ یەکێك لەو مەسەلانە نادات. کەواتە ناکۆکییەکە لە عێراق و سووریادا بەردەوامە و هۆکارە ڕیشەییەکان درێژەیان هەیە، بەو پێیە داعشیش درێژەی دەبێت. ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیە. لایەنێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە ڕێژەی گەنج بە کچ و کوڕەوە لە وڵاتانی عەرەبیدا- بەتایبەتی سووریا و عێراق- لە سەدا ٧٠ی دانیشتووان پێکدەهێنن کە تەمەنیان لە خوار ٢٥ ساڵەوەیە، نزیکەی لە سەدا ٣٠ بۆ ٤٠ی ئەو گەنجانەش بێکار و بێئومێدن و لە هەژاریدا دەژین، لێرەدا داعش دێت و وێنەیەکی جوانیان بۆ دەخاتەڕوو و قەناعەتیان پێدەکات کە ئەگەر کوژران شەهید دەبن و بە بەهەشت شاد دەبن، کەواتە پێویستە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی ئەم وڵاتانە ڕاست بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی بە دەیان ملیۆن و لە ڕاستیدا ١٥٠ ملیۆن گەنجی نائومێد هەن لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەمە نەخۆشییە ڕاستەقینەکەیە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت بەم نزیکانە چارەسەری بکات، ئەمە بە سەدان ملیار دۆلاری وەبەرهێنانی دەوێت. لە لەلایەکی دیکەوە حکومەتەکانی ناوچەکە بە تەواوەتی گەندەڵن و لە خەمی چارەسەرکردنی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەدا نین، ئەمە هۆکاری سێیەمە کە وامان لێدەکات پێشبینی گۆڕانکاری گەورە نەبین لە ساڵانی داهاتوودا. هۆکاری چوارەم بریتییە لە پابەندبوونی دەرەکی، تا چ ئەندازەیەك ئەمەریکا و ئەوروپا ئامادەن لەسەر نەهێشتنی ئەم نەخۆشییە و ئەم هۆکارە ڕیشەییانە کار بکەن، تا چەند ئیرادەیان هەیە و تا چەند سەرچاوەکانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئەم ئامانجە، چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە چیتر ڕۆژئاوا نایەوێت وەبەرهێنان لەم ناوچەیە بکات و لە ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیەوە تێوەبگلێت، بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆ ئەمەریکا ڕاستە، بەڵام ئەوروپا نزیکترە و کێشەی ئاوارەکان و کێشەی دیکەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام ئەوروپا سەرچاوەی پێویستی نییە. هەر لەبەر ئەمەشە کە کورد نایەوێت ببێتە بەشێك لەم دۆخە و هەر کاتێك داعش تێکشکێنرا، ئەوا کورد دەتوانن خۆیان ڕێکبخەن و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن، ئەو دەوڵەتەی کە حاڵی حازر لە ئارادایە. واتە کورد دەیەوێت خۆی بپارێزێت لە بارودۆخی پڕ لە پشێویی عێراق بەتایبەتی کێشە و شەڕی شیعە و سوننە کە بە ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت، کەواتە تاوەکو زووتر کورد خۆی لەو پشێوی و پاشاگەردانییەی عێراق جیا بکاتەوە، باشترە، سەرۆك بارزانی لەوەدا ڕاستی پێکاوە کە ڕایگەیاند پێویستە چاوەڕێ بکەین تاوەکو لەناوبردنی داعش، ئەو کاتە دەتوانین خۆمان کێشەی خۆمان یەکلا بکەینەوە.

*** ئەو ئاژاوەیەی ئێستا لە بەغدا بەردەوامە، بۆتە هۆکاری ئەوەی پەرلەمانی عێراق داگیربکرێت و پەرلەمان لە کاربکەوێت، هەروەها حکومەتەکەی عەبادی پەکی کەوتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بوونی نەماوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەمەریکا لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی عێراقی لە دەست چووە؟**

- لە بنەڕەتدا ئۆباما نایەوێت دەستبەرداری هەموو پرسەکان بێت و پشتیان تێبکات، لەبەر ئەوەی کاریگەریان لەسەر ئەوروپا دەبێت، نەك لەسەر ئەمەریکا، هەروەها ئەمەریکا لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆیە، چونکە کاتێك ئەمەریکا چووە عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا - ڕاستە سەددام کەسێکی دڕندە بوو و من دەزانم چی بەسەر کورددا هێناوە- ئێمە ئەو وڵاتەمان وێران کرد و پلانی کارکردنمان نەبوو، واتە ئێمە تەنیا چووینە عێراق و دەسەڵاتی سەددام-مان ڕووخاند، بەڵام ئایا پلانی دواترمان چی بوو؟ تەنیا ئەوە بوو کە کەسێکی گەمژەی وەك بریمەر-مان نارد و تەواوی وڵاتەکەی لەبەریەك هەڵوەشاند، ئەمە هەڵەیەکی تراژیدی بوو لە عێراقدا کردمان، ئێستاش ئەمەریکا بە پەڕۆیەکی بچوك برینە گەورەکەی عێراق دەپێچێت، ئەمەش سەرکەوتوو نابێت، خەڵکی ئەمەریکاش نایانەوێت وڵاتەکەیان بچێتە شەڕێکی دیکەوە لەگەڵ عێراقدا، لەبەر ئەوە چاوەڕێی ئەوە مەبن کە ئەمەریکا بە دەیان هەزار سەرباز بنێرێتە عێراق، بەڵکو تەنیا بە هێزی ئاسمانی و ڕەنگە بە زیادکردنی چەند هەزار سەربازێك لە هێزی زەمینی هاوکاری بکات، ئەمەش بەس نییە بۆ ئەوەی بەم نزیکانە داعش تێکبشکێندرێت.

*** بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق بیرۆکەی جۆزێف بایدن بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك سیناتۆر بوو، بەڵام ئێستا جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە و خۆی سەرپەرشتی ئەو بارودۆخە خراپەی عێراق دەکات، ئایا ئەگەر هەوڵبدات بە ئاشتی عێراق دابەش بکات، لەوە باشتر نییە ئەو هەموو خوێنڕشتن و کوشتنە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە عێراقدا ڕوودەدات؟**

- پێموایە ئەمەریکا هەڵەیەکی گەمژانە دەکات ئەگەر پێیوابێت عێراق پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەگەر بژاردەیان بخەیتە بەردەست لە نێوان داعش و حکومەتە شیعەکەدا، سوننەکان داعش هەڵدەبژێرن ئەمە ڕادەی

**کارێکی ژیرانەیە ئەگەر کورد و کوردستان زوو دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن، چونکە خاوەنی سەرچاوەی سروشتی خۆیانن و پێویستە خۆیان بە دوور بگرن لە کێشە و پشێوییەکانی ناوچەکە و هەر کەسێکیش ڕووی کردە کوردستان ئەوا ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە پاڵپشتیتان دەکەن، ئەگەر پێویستتان بەو پاڵپشتییە بوو. ئەمە گرنگترین کارێکە کە ئەنجام بدرێت، پێموایە عێراق ڕووبەڕوی هەوراز و نشێوی زۆر دەبێتەوە و تاوەکو کوردستان زووتر خۆی لێ دووربخاتەوە، باشترە**

**ئێمە تەنیا چووینە عێراق و دەسەڵاتی سەددام-مان ڕووخاند، بەڵام ئایا پلانی دواترمان چی بوو؟ تەنیا ئەوە بوو کە کەسێکی گەمژەی وەک بریمەر-مان نارد و تەواوی وڵاتەکەی لەبەریەک هەڵوەشاند، ئەمە هەڵەیەکی تراژیدی بوو لە عێراقدا کردمان**

**ئەمەریکا خوازیاری ڕزگارکردنی موسڵ و هێشتنەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی، بەڵام عێراق نابێتەوە وڵاتێکی یەکپارچە، تەنانەت ئەگەر داعشیش تێکبشکێندرێت**

**کورد دەیەوێت خۆی بپارێزێت لە بارودۆخی پڕ لە پشێویی عێراق بەتایبەتی کێشە و شەڕی شیعە و سوننە کە بە ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت، کەواتە تاوەکو زووتر کورد خۆی لەو پشێوی و پاشاگەردانییەی عێراق جیا بکاتەوە، باشترە، سەرۆک بارزانی لەوەدا راستی پێکاوە کە رایگەیاند پێویستە چاوەڕێ بکەین تاوەکو لە ناوبردنی داعش، ئەو کاتە دەتوانین خۆمان کێشەی خۆمان یەکلا بکەینەوە**

**دەوڵەتە سوننەکان، بە کوردەوە نایانەوێت ئێران لەبەر دەرگا و دەروازەکانیان بێت، ئیدی ئەو ئامادەبوونەی ئێران لە شێوەی میلیشیادا بێت، یان هەر هێزێکی شەڕکەری دیکە. لەبەر ئەوە هەر کاتێک ئەو هێزانە جێ پێی خۆیان قایم کرد، پاشەکشەپێکردنیان ئاسان نابێت**

**رەنگە لە سەدا ٦٠ بۆ ٨٠ی رێکخراوی داعش تێکبشکێت، بەڵام ناتوانین ئایدیۆلۆژیایەک لە ناو ببەین، واتە تاوەکو تەواوی بونیادەکەی وێران نەکرێت، ئەوا ترس و تۆقاندن دەخەنە دڵی خەڵکەوە لە شوێنەکانی دیکە و حاڵی حازریش لە هەندێ شوێنی ناوچەکە ئەم کارە دەکەن**

ئەو رقە قووڵەیە کە لە ئاست حکومەتە شیعەکەدا هەیانە، حکومەتەکەی عەبادیش جیاوازی نییە لە حکومەتەکەی مالیکی و بە هەر شێوەیەك بتوانن پێشێلکاری بەرامبەر سوننە دەکەن. تاکە رێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوننە و شیعە بریتییە لە دروستکردنی هەرێمێکی سوننەی خۆبەڕێوبەر کە لە نزیکەوە کار لەگەڵ هەرێمە خۆبەڕێوبەرەکەی کورددا بکات، تاکە کێشەیەك کە بێتەئاراوە چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی نەوت دەبێت، لەبەر ئەوەی هەرێمە سوننەکە نەوتی نییە و سەرچاوەی سروشتی نییە و وڵاتێکی داخراو دەبێت. من لێرە بە وەزارەتی دەرەوەم راگەیاند کە ئەگەر لە ئاسۆدا و لە ئایندەدا سوننەکان هیوایەك بەدی نەکەن، ئەوا بە هەموو توانای خۆیانەوە شەڕی داعش ناکەن، واتە دەبێت ئایندەیەکیان هەبێت و ئەوەش بەوە دەبێت بەشێك لە داهاتی نەوتیان بۆ دابین بکرێت. کوردیش دەتوانێت لەم رووەوە رۆڵی هەبێت، چونکە ئێستا کورد نەوت هەناردە دەکات و بەشێکی لە داهاتەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا، ئەو کاتە دەتوانێت ئەو بەشەی داهاتی نەوت بۆ هەرێمە سوننەکە رەوانە بکات، نەك حکومەتی عێراقی، ئەمەش بەس نییە، بەڵام یەکێکە لە رێگاکان. رێگایەکی دیکە ئەوەیە لە لایەن حکومەتی شیعەوە بۆیان دابین بکرێت، یاخود لە رێگای هاوکاری دەرەکییەوە. ئەمانە تاکە رێگان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوننە و شیعە. چونکە سعودیە و ئێران بەردەوام دەبن لەسەر بەرپاکردنی شەڕی بە وەکالەت و هیچیان ئامادە نابن دەستبەرداری خەونی بوون بە هێزی خاوەنی هەژموون لە ناوچەکەدا بن. واتە هیچیان ئامادە نین ئەم شەڕە رابگرن، کاتێك باوەڕیان وابێت، دەتوانن بە تێپەڕبوونی کات پێگەی خۆیان باشتر بکەن.

*** ئایا سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا سیاسەت و هەڵوێستێکی جیاوازتری دەبێت لە ئاست خواستی نەتەوەکانی عێراقدا ئەگەر خوازیاری جیابوونەوە بوون؟**

- لە راستیدا من ناتوانم پێتان بڵێم کە سیاسەتی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا چی دەبێت، بەتایبەتی کە ئێمە نازانین کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتوو، ئەگەر هیلاری کلینتۆن بێت، ئەوا درێژە بە هەمان سیاسەتی ئۆباما دەدات، ئەگەر سەرۆکێکی کۆماری بێت ئەوا ئایدیایەکی جیاوازی دەبێت لەم رووەوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر دۆناڵد ترامپ خوانەخواستە ببێتە سەرۆك، ئەوا هەروەك چۆن بۆش رایگەیاند کە ئەسەد لە ناو دەبات، ئەمیش راگەیاندووە کە داعش لە ناو دەبات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تۆ چۆن هۆکارە ریشەییەکان داعش لە ناو دەبەیت. واتە هەم لە ناوبردنی رێکخراوەکەی و هەم ئایدیۆلۆژیاکەی، کەس وەڵامی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوە، چونکە ئەمە پرۆسەیەکی زۆر درێژخایەنە و بە سەدان ملیار دۆلاری دەوێت، ئەمە حکومەتێکی راستگۆی دەوێت، پێویستی بە لە ناوبردنی گەندەڵییە و ئەمەش ئەرکێکی قورسە. لەبەر ئەوە بەلای منەوە کارێکی ژیرانەیە ئەگەر کورد و کوردستان زوو دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنن، چونکە خاوەنی سەرچاوەی سروشتی خۆیانن و پێویستە خۆیان بە دوور بگرن لە کێشە و پشێوییەکانی ناوچەکە و هەر کەسێکیش رووی کردە کوردستان ئەوا ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە پاڵپشتیتان دەکەن، ئەگەر پێویستتان بەو پاڵپشتییە بوو. ئەمە گرنگترین کارێکە کە ئەنجام بدرێت، پێموایە عێراق رووبەڕووی هەوراز و نشێوی زۆر دەبێتەوە و تاوەکو کوردستان زووتر خۆی لێ دووربخاتەوە، باشترە.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێت چی بۆ خوێنەرانی گوڵان باس بکەیت کە لەو بارەیەوە پرسیارمان نەکردبێت؟**

- هەر کارێکیان لە دەست بێت، بە هاوکاری ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە ئەنجامی بدەن بۆ لە ناوبردنی داعش و ئەوەندەی دەکرێت کار بکەن بۆ سنووردارکردنی قوربانی و زیانەکان. ئەو کاتەی کوردستان سەربەخۆیی رابگەیەنێت، لەوە دڵنیام کە بە دەیان دەوڵەت راستەوخۆ ئیعتیراف بە دەوڵەتی کوردستان دەکەن. کاتێك بارزانی لە واشنتۆن بوو من قسەم لەگەڵدا کرد، بەڵام ئەگەر ئێستا سەرۆك بارزانی راوێژم پێ بکات، ئەوا دەڵێم لە حاڵەتی راگەیاندنی سەربەخۆییدا، تورکیا هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، چونکە سەرقاڵی بازرگانییە لەگەڵ کورد، لە بواری نەوت و بوارەکانی دیکە، چ جای ئەوەی کوردستان داگیر بکات، ئەمە روونادات. عێراق بوێری ئەوە ناکات هێز بنێرێت بۆ باکوور و شەڕ بکات، لەبەر هۆکارێکی سادە، چونکە دووچاری شەرمەزارییەکی گەورە دەبێت، ئەمەریکا رێگا نادات حکومەتی ئێرانیش شەڕی کوردی عێراق بکات. من لە وەزارەتی دەرەوەم دەزانم پێشنیاری ئەوان بۆ بارزانی ئەوەیە کە زیاتر چاوەڕێ بکات، تاوەکو داعش لە ناودەچێت. کەواتە راستە ئەم وڵاتانە لە سەربەخۆیی کوردستان نیگەران دەبن، بەڵام هیچ کارێك ئەنجام نادەن، رەنگە لە سەرەتادا رابگەیەنن کە چیتر پێوەندی بازرگانی لەگەڵدا ناکەن و لێدوانی هاوشێوە بدەن، بەڵام دۆستەکانی ئێوە لە دوژمنەکانتان زیاترن و ئەمەش گرنگترین شتە کە دەبێت لە یادتان بێت.

# سایکس پیکۆ خەونی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلانی ناوچەکەی لەباربرد، لە پێش هەموویانەوە کورد

یەکێك لەو تەحەددییاتە گەورانەی کە رووبەڕووی ئەو بارودۆخە هەنووکەییە دەبێتەوە، سایکس پیکۆ بۆ ئەو گەل و تایفە نائومێدانە خوڵقاندوویەتی کە ئەم رێککەوتنە خەونی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ دەستەبەرنەکردن. بەڵام لەو تەرتیباتەی دواتر لەم رێککەوتنەوە هاتنەئاراوە، لە پێش هەموویانەوە کورد بە لای کەمەوە لەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندایە لە عێراق و سووریا، بە هەنگاوی تۆکمە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرن.



لە ئێستادا، هێزە رۆژئاواییەکان خواستی باڵادەست بوونیان بەسەر ناوچەکەدا نەماوە، بە چەشنی ئەوەی لە رۆژگاری شەڕی سارد، یان لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەتدا بەدی دەکرا. ئەمەریکا وەك تاکە سوپەر پاوەرێك مایەوە و، بۆ ماوەیەکی کورت هەوڵیدا باڵادەستیی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت کە ئەمەش کارئاسانی کرد بۆ هاتنەدی رێککەوتنی ئۆسلۆ و رێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و ئەردەندا. لە ئێستادا نەبوونی ئەو خواستە رەنگدانەوەی لاوازی و نائومێدی و بێ سەروبەرەیی و زاڵبوونی دنیابینییەکە کە هاوشانە بە هەستکردن بە تاوان لە ئاست شێوازی مامەڵەکردنی رۆژئاوا لە بەرامبەر موسڵمانان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە رابردوودا و ئەو گەشبینییەی کە هەبوو بەوەی دەتوانرێت لە رێگای دیپلۆماسیەتەوە ئەو ناکۆکییانەی کە ماون، چارەسەر بکرێن، کە ئەمەش سەربکێشێت بۆ لێخۆشبوون لە لایەن موسڵمانەکانەوە.


ئەم شێوازی مامەڵەکردنەیە کە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە بۆچی رۆژئاوا لە سیاسەتەکانیدا کە پەیوەستن بە پاراستنی سنوورەکانی ئێستاوە دوودڵە. لە لایەکەوە رۆژئاوا بە قووڵی پابەندە بەم ئامانجەوە. لەم سیاقەدا، بە توندی دژی هەوڵەکانی کورد بووە بۆ برەودان بە سەربەخۆیی و بەردەوام لە چوارچێوەی سنوورەکانی پێشوودا لەبارەی دەوڵەتانی ناوچەکەوە دەدوێت. بۆ نموونە، بەردەوام وەك رژێمێکی شەرعی مامەڵە لەگەڵ رژێمەکەی ئەسەددا دەکات، سەرەڕای ئەو راستییەی کە ئەسەد تەنیا کۆنترۆڵی لە سەدا ٢٠ی خاکی سووریا دەکات. بەو پێیە ئەسەد خاوەنی کورسییەکەی سوریایە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتی دەرکردنی پاسپۆرتی سووری هەیە، تەنانەت ئەگەرچی کۆنترۆڵی زۆربەی سنوورەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا ناکات.

لە لایەکی دیکەوە، رۆژئاوا ئامادە نییە هێزی زەمینی رەوانە بکات بۆ پاراستنی ئەو نیزامەی کە پێشتر لە ناوچەکەدا لە ئارادا بوو. ئاشکرایە کە هێنانەدی ئەم ئامانجەش نەبۆتە ئەولەوییەتێکی باڵا لای رۆژئاوا، تەنانەت دوای ئەوەی روون بووەوە کە ئەنجامنەدانی هیچ کارێك رەنگە هۆکارێك بێت بۆ کۆچێکی گەورە لە لایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەورووپا، ئەم سیاسەتە نەگۆڕاوە. وەك پارسەنگێك بۆ ئامادەنەبوونی بۆ شەڕکردن، رۆژئاوا ئامادەیە پشتیوانی ئەو کەسانە بکات کە پێیان دەوترێت رادیکاڵیستی واقیعبین، بەو ئومێدەی کە ئەمانە بتوانن کارە قێزەونەکە بکەن، ئەویش بینا لەسەر پابەندبوونی کاتیان بە سیستمی ئەو دەوڵەتەی لەئارادایە. ئاشکرایە کە ئەمە سیاسەتێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی ئەو رادیکاڵیستە واقیعبینیانە دۆستی رۆژئاوا نین و هیچ بایەخ بە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا نادەن لە مەودای مامناوەند و دووردا، تەنانەت لە مەودای کورتیشدا، چونکە زۆربەیان ئەولەوییەتی دیکەیان هەیە.

شتێك کە روون بێت، ئەوەیە دوودڵیی رۆژئاوا رێگەی بۆ رووسیا خۆشکرد بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی دەسترۆیشتوو لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی رووسیا ناڕوشن نییە لە سیاسەتەکەیدا و ئامادەیە راستەوخۆ دەستێوەردان بکات بۆ پاراستنی دۆستەکانی. لە روانگەی بەردەوامبوونی سایکس پیکۆ-وە، رووسیا بۆتە هێزێکی کاریگەر و دەسترۆیشتوو کە هاوکارە لە پاراستن و هێشتنەوەی ئەم رێککەوتنە.

- سەرچاوە: A Century after Sykes-Picot: Strategic and Geopolitical Aspects
- نووسینی: Yossi Kuperwasser

# تەنگژەی هاوپەیمانیی نیشتمانی لە عێراق



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هاوپەیمانیی نیشتمانی لە هەڵبژاردنی حەیدەر عەبادی-دا وەك پاڵێوراو بۆ پێکهێنانی حکومەت سەرکەوتوو نەبوو، دواتر تایبەتکردنی سەرۆکایەتیی وەزیران لە حزبی دەعوەدا وڵاتی بەم هەرەسە گەیاند، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزی دیکەیە لە شکستی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسیی شیعەدا، من پێموایە کە ئیسلامی سیاسی بە هەردوو لایەنی شیعەکەیەوە کە خۆی لە حزبی دەعوەدا دەبینێتەوە، هەروەها سونني ئیخوانی و ئەوەی لە مێژووشدا لێی جیابۆتەوە هەموویان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا شکستخواردوو بوون، لە عێراق بینیمان کە ئیسلامی سیاسیی شیعی شکستی هێنا، لە میسریش ئیسلامی سیاسیی سونني ئیخوانی بە هەمان شێوە، با زیاتر باس لە عێراق بکەین، هاوپەیمانیی شیعە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە مانەوەی حزبی دەعوە لە دەسەڵات مەترسییە و هەڕەشەشە بۆ سەر ئایندەی شیعەکان لە عێراق. زانراویشە لە رووی واقیعییەوە گرنگترین شت لای شیعە مانەوەیانە بە ئازادی لە ئەنجامدانی سرووت و دروشمە ئایینییەکانیان، ئەوان بایەخ بە ئاوەدانی و بنیادنان و شارستانی و ژیانی ئاسوودە نادەن، هەرچەندە حزبی دەعوە سوورە لەسەر پابەندبوون بە پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران، بەڵام نەرمییەك لە هەڵوێستیدا بەدی دەکرێت، رەنگە ئەوەش لەپێناو پاراستنی ماڵی شیعە و مانەوەی دەسەڵات هەر بە دەست شیعەوە بێت، کە سەرۆکایەتیی وەزیران بدرێتە کوتلەیەکی سیساسی دیکە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعەدا، دیارترینیان کوتلەی بەڕێز عەممار حەکیم-ـە، لە سەرووی هەمووشیانەوە عادل عەبدولمەهدی لەبەر ئەوەی کە لە نێوخۆ و لەسەر ئاستی ئیقلیم و نێودەوڵەتیشەوە مایەی قبووڵە، بەتایبەتیش لایەنی کوردستانی بە دۆستی خۆی دادەنێت.

من لەو باوەڕەدام کە دەوڵەتمەدار پێویستە بۆ خودی خۆی بەدین بێت، نەك بۆ کەسی دیکە، کێشەکە لە عێراقی تازە ئەوەیە کە دینداری لە رێی دروشمی دیاریکراوەوە خۆی بەسەر خەڵکەکەدا دەسەپێنێت، گەلیش ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێت کە زۆر بەدینن و پابەندن بە دروشمەکانی ئایینەوە، لەگەڵ ئەوەی کە دینداریی مۆراڵێکی کەسییە رەنگە توانای ئەوەی پێنەدات وەزارەت یان ئیدارەیەك بەڕێوەببات، بە تایبەتیش ئەگەر کەسێکی لاوازو نەشیاو بوو، کێشەکە لە عێراق لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندایە، ئەوانەی دروشمی ئایینییان بەرزکردبۆوە دەنگی زیاتریان بەدەستهێنا لەوانەی کە دروشمی مەدەنی و دیموکراسی و نیشتمانییان بەرزکردبۆوە، لەبەر ئەوە چینێکی سیاسیی بێسەروبەر ئەو وڵاتەی گەیاندە لێواری هەرەسی ئابووری و دیبلۆماسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی، جا ئەگەر ئەو دینداریيە شەخسیی بوایە لەوانەبوو کارەکە ئاسان و نەمتر بووایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دینداریی مەزهەبی و تایفی بوو، دەوڵەت کاتێ لەسەر ئایدیۆلۆجییەتی ئاینی یان مەزهەبیی ئاینی دادەمەزرێت ئەو دەوڵەتە دەبێتە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری، زانراویشە کە ستەمکاریی ئاینیی مەترسیدارترین جۆرەکانی دیکتاتۆریەتە لە مێژوودا.

لەوەتەی رژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣ رووخاوە و تاکو ئێستا، شیعە چییان بۆ عێراق کردووە بۆ ئەوەی ستەم لە کوتلە سیاسییەکانی دیکەی شیعە نەکەین؟ دەڵێین حزبی دەعوە چی بۆ عێراق کردووە؟ لەگەڵ قەناعەتی من بە خەباتی مێژوویيان و ئەو هەموو خوێنەی بەخشیویانە، ئەم پرسیارە هاووڵاتی شیعە پێش هەموو کەسێکی دیکە دەیکات،

بۆیە ئەگەر سەردانی باشووری عێراقمان کرد، دەبینین کە کاولکاری و دواکەوتوویی و بێکاری باڵی بەسەردا کێشاوە، سەرباری ئەوەی ئەو هەموو ساڵە مەبەستم(١٣ ساڵە) بەس بوو بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنیی پێشکەوتوو، چونکە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سامان و بە عەقڵی هاووڵاتیانی، بەڵام وا دیارە کە حزبی دەعوە زیاتر کاری لەسەر لایەنی ئاینیی ئایدیۆلۆجی کردووە زیاتر لە لایەنی ئاوەدانکردنەوەو شارستانی، بۆیە هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە لەو باوەڕەدایە کە مانەوەی دەسەڵات لە دەستی حزبی دەعوە هەڕەشەیە بۆ مانەوەی شیعە لە عێراق.

هەڵبژاردنی عەبادی بۆ ئەم پۆستە کارەساتێکی راستەقینە بوو بۆ شیعە و سەرجەم عێراق، چونکە بۆ گەل دەرکەوت کە ئەو پیاوە لاوازە، لاوازە بۆ خۆی و لە حزبەکەیدا و لە نێو قەومەکەی و لە سامانی و لە هێزەکەیدا، تەنانەت لەبەردەم هەمووان هەر لاوازە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت بە فێڵ و بەڵێنە درۆیەکانی کات بەسەر ببات، ئەو توانی ئەو ماوەیە لەبەر چەند هۆیەك لە دەسەڵات بمێنێتەوە، چونکە پاڵێوراوی حزبی دەعوەیە، ئەمەش واتا پاڵێوراوی هاوپەیمانیی نیشتمانی، چونکە بەپێی دەستوور گەورەترین کوتلە بۆ پێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێت، دواتر ئەمریکا کاتێ لە سەرەتادا پشتیوانیی لە عەبادی کرد وێڕای هەڕەشەکانی مالیکی ، بەو شێوەیە پشتیوانیی لێکرد تا کۆتایی بە قۆناخی مالکی بهێنێت، کەس وا تێ نەگات کە لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتدا کوردی پەراوێزخست، ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە بەخێرایی حکومەت پێکبهێنن و مالیکی لابەرن، دواتر کە شتەکە بوو بە ئەمری واقیع ئێران بە نابەدڵییەوە دانی بە عەبادیدا نا، چونکە ئێران لای مالیکی دەگرت و بەڵێنی ئەوەی پێ دابوو کە باشترین سەرۆك وەزیرانە لە مێژووی عێراقدا، لەبەر یەك هۆ ئەویش ئەوەیە کە مالیکی زیاتر گرنگیی بە لایەنی ئایدیۆلۆجیی شیعی دەدا، لەبەر ئەوە سوننە لە سەردەمی ئەودا رووبەڕووی پاکتاویی و پەراوێزخستن بوونەوە، گوێشمان لە سوننەی مالیکیش بووە کە ئەوانە تا ئێستاش هەر لە خێروبێری ئەو دەخۆن و داکۆکی لێدەکەن.

عەبادی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا شکستی هێنا، چونکە پابەند نەبوو بە بەڵێنەکانییەوە بەتایبەتیش بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و ئاوارەکان و پێشمەرگەو سوننە و هاوبەشەکانی خۆی لە پرۆسەی سیاسیدا، بۆ یەکەم جاریشە لە مێژووی عێراق سەرۆك وەزیران ئەو دەسەڵاتە زۆرە رەهایە وەربگرێت، دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەران کاتێ رێگەمان پێدا، هەروەها پشتیوانیی مەرجەعییەکانی شیعە بەتایبەتیش سیستانی، هەروەها پشتیوانی شەقام لە خۆپیشاندەرانەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ جووڵەیەکی نەکرد، دەیتوانی گەندەڵکاران بداتە دادگا، بەڵام نەیکرد، داواکانی خۆی بەدیهێنا، نەك داواکانی گەل، کاتێ جێگرەکانی خۆی و بریکارەکانی سەرۆك کۆماری لابرد، دەستی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانیش درێژکرد کە ئەمە لەگەڵ دەستووردا ناکۆکە، ئەو کاتە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەرکی بەوە کرد کە عەبادی راستگۆ نییە لە چاکسازییەکانیدا، بەڵکو تەنیا دەیەوێت دەستکەوتی شەخسیی بەدەست بهێنێت، کاتێکیش پەرلەمان لێپرسینەوەی لێکرد، عەبادی هاتە پەرلەمان و وتارێکی بێزارکەری دووبارەی خوێندەوە، پەرلەمانتاران هیوایان دەخواست لە هۆڵەکە بچێتە دەرەوە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دا کاتەکە بەسەر ببات و شەقامی عێراقی خەریك بکات، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە پەرلەمان تۆمەتبار بکات کە گوایە کاری خۆی بەڕێوەنابات، بەڵکو چاکسازییەکانی ئەو پەك دەخات، لێرەدا ململانێ لە نێوان عەبادی و پەرلەمانتاران دەستی پێکرد، راستییەکەی ئەوەیە کە عەبادی لەدڵەوە شتێکی بەرامبەر پەرلەمانتاران هەیە، چونکە هەمیشە لە وتارەکانیدا هەوڵدەدات پەرلەمان بە پەکخستنی چاکسازییەکانی تۆمەتباربکات، ئەوە بوو شەقام کوڵا، خۆپیشاندانەکان لە گۆڕەپانی تەحریر بەردەوامن و لە رۆژانی هەینیشدا زیاتر توندن، هەندێ سیاسەتمەدار لەوانە مالیکی هەوڵی دا سواری شەپۆلەکە بێت، بەڵام دەرکراو ریسوا کرا، هەندێ پەرلەمانتاریش هەوڵیان دا بەشداریی خۆپیشاندانەکان بکەن بە تایبەتیش هەندێ لە پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا، ئەوانیش بە هەمان شێوە دەرکران و لێدران، بۆیە خۆپیشاندانەکان بە شێوەیەکی شارستانی و بەرز بەڕێوەچوون و توندوتیژییان تێ نەکەوت، داخوازییەکانیشیان واقیعی بوون لەوانە گەندەڵکاران بدرێنە دادگا، هەروەها پاککردنەوەی دادگای عێراقی و بەسیاسەت نەکردنی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵك لەوانە کارەباو ئاو، ئەو خۆپیشاندانانە بەردەوام بوون، بەڵام کەس بەپیر داخوازییەکانەوە نەهات، لە راستیدا عەبادی گاڵتەی بە خۆپیشاندانەکان دەهات، تا ئەو کاتەی موقتەدا سەدر بەدەرکەوت کە بەشداری تێدا کرد و سواری شەپۆلەکە بوو، ئەوە بوو دەنگی خۆشحاڵیی بە هاتنی موقتەدا زیاتر بەرزبووەوە، پرسیارێك دێتە پێشەوە، بۆچی خۆپیشاندەران بە موقتەدا خۆشحاڵ بوون نەك بە یەکێکی دیکە؟ گومانی تێدا نییە کە خۆپیشاندەران پێویستیان بە کەسێکی ئاینیی بەهێز بوو وەك واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی هاوچەرخ، شتێکی دیکە ئەوە بوو کە هیچ خۆپیشاندەرێك جورئەتی نەدەکرد بەرامبەر موقتەدا سەدرو جەماعەتەکەی بوەستێتەوە، شاری سەدر لە بەغدا ژمارەی دانیشتوانی سێ ملیۆنە کە پڕیەتی لە موریدەکانی موقتەدا سەدر، وێڕای ئەوەش موقتەدا بە هەڵوێستە بوێرەکانی ناسراوە، ئەویش لەو قەناعەتەدایە کە مەترسییەکی گەورە هەڕەشە لە بوونی شیعە دەکات لە عێراق، بۆیە هەوڵدەدات پڕۆژەیەکی نیشتمانیی عێراقیی عارەبی بێنێتە ناوەوە، بۆ یەکەم جار لە نەجەف کە شوێنێکی پیرۆزی شیعەیە رەحمەت بۆ ئەبوبەکرو

**لە رووی واقیعییەوە گرنگترین شت لای شیعە مانەوەیانە بە ئازادی لە ئەنجامدانی سرووت و دروشمە ئاینییەکانیان، ئەوان بایەخ بە ئاوەدانی و بنیادنان و شارستانی و ژیانی ئاسوودە نادەن**

**لەو باوەڕەدام کە دەوڵەتمەدار پێویستە بۆ خودی خۆی بەدین بێت، نەک بۆ کەسی دیکە، کێشەکە لە عێراقی تازە ئەوەیە کە دینداری لە رێی دروشمی دیاریکراوەوە خۆی بەسەر خەڵکەکەدا دەسە پێنێت**

**ئەگەر سەردانی باشووری عێراقمان بکەین، دەبینین کاولکاری و دواکەوتوویی و بێکاری باڵی بەسەردا کێشاوە، سەرباری ئەوەی ١٣ ساڵ بەس بوو بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنیی پێشکەوتوو**

**پێموایە شیعە لە عێراقدا ئەگەر لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بن بەوەی کە ئایدیۆلۆژییەتی ئاینییان لە قەومییەی عەرەبی پێ باشتربێت، ئەوا چارەنووسیان پەرتەوازەیی و هەڵوەشاندنەوە دەبێت، ڕەنگە تووشی شەڕی ناوخۆش ببن**

عومەرو عوسمان دەنێرێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەمە یەکێکە لە تاوانە فیکری و عەقیدەییەکانی شیعە، یەکەم جاریشە کە هەڕەشە لە ئێران دەکات و ستایشی پەیوەندیی لەگەڵ سعودیە دەکات، لە ڕاستیدا دوای کردنەوەی باڵیۆزخانەی سعودیە لە بەغدا، هەڵوێستی زۆر لە سەرانی شیعە گۆڕا، جگە لەوانەی کە زیاتر لە عێراق شانازی بە ئێرانەوە دەکەن، سعودیە و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و بەتایبەتیش دەوڵەتانی کەنداو گەیشتنە قەناعەت کە شیعەی عێراق نابنە سوننە، باشترین ڕێگەچارەش ئەوەیە کە لە گەڵ شیعەی عێراقدا بمێننەوە، بە مەرجێ قەومییەتی عارەبیی بەسەر مەزهەبی ئاینییان زاڵ بێت، مەبەستیش لەمەدا ئەوەیە کە وەلا بۆ دەوڵەتانی عارەبی دەبێت، بەڵام ئەگەر مەزهەبگەرایی ئاینی بەسەر قەومییەتدا زاڵ بێت ئەو کاتە وەلا بۆ ئێران دەبێت، بۆیە هەندێ سەرکردەی شیعە هەوڵ دەدەن کار لەسەر ئەم پڕۆژەیە بکەن، موقتەدا سەدر درکی بەم ڕاستییە کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا ترسی لەسەر ڕابردووی مێژوویی خۆی هەیە، چونکە ئەو لە خانەوادەیەکی ئاینیی مەزهەبیی دێرینە کە بەڕاستی دژی دیکتاتۆریەت خەباتی کردووە، بۆیە ئەمە کارێکی سەختەو پێویستی بە ڕوئیاو هۆشیاریی هەیە.

پێموایە شیعە لە عێراقدا ئەگەر لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بن بەوەی کە ئایدیۆلۆجییەتی ئاینییان لە قەومییەی عەرەبی پێ باشتربێت ئەوا چارەنوسیان پەرتەوازەیی و هەڵوەشاندنەوە دەبێت، ڕەنگە تووشی شەڕی ناوخۆش ببن، چونکە زانراوە کە ئایین لە چەند مەزهەبێك پێکدێت، مەزهەبیش لە قوتابخانە پێکدێت، ململانێی سەختی نێوان شیعەکانیش ناشاردرێتەوە، هەندێ جار مەرجەعەکان بوونەتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵگەی عێراقی، کەس وا تێنەگات مەبەستم ئەوەیە شیعە واز لە مەزهەبەکەی خۆیان بهێنن، بەڵکو داوایان لێدەکەم مەزهەبگەرایی نەخەنە نێو لایەنی سیاسییەوە، بەڵێ دەبینین لە ئێران مەزهەبگەرایی چۆتە نێو هەموو کایەکانی دەوڵەتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێران سەرکەوتوو بووە؟ وەڵامەکەی نەخێر، بەڵکو مەینەتییەکانی ئێران توندن، بەڵام دیارە کە پارێزگاریکردن لە ناسنامەی مەزهەبگەرایی لە ئێران لە هەموو شتێك گەورەترە، ئێران هەموو شتێکی کردۆتە قوربانیی پاراستنی ئەو مەزهەبگەراییە کە شادەماری بوونی ئێرانە، بەڵام لە عێراق هەندێ لە حزبەکانی شیعە هەوڵیان دا بە تایبەتیش حزبی دەعوە شوێن پێی نموونەی ئێران هەڵگرن، نەیانزانی کە دەستوور ڕێگە بەمە نادات، چونکە دەستووری هەمیشەیی عێراق داوای دیموکراسی و فرەیی و مەدەنییەت و پێکەوەژیان و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکان و دانان بە کەمایەتییەکان و پاراستنی مافەکانیان دەکات، ئەمەش هەموو لە دەستووری ئێراندابوونی نییە، لە ماددەی (١٢)ی بەشی یەکەمی دەستووری ئێراندا دەڵێت:ئاینی فەرمیی ئێران ئیسلام و ١٢مەزهەبەکەی جەعفەرییە، ئەم ماددەیە تا هەتایە دەمێنێت و ناگۆڕێت، ئەمەش مانای وایە کە سەرۆك کۆمار دەبێ فارس و موسڵمان و جەعفەری بێت، ئەمەش پەراوێزخستێکی ئاشکرای نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکانی دیکەیە، بەڵام لە عێراق دەبینین سەرۆك کۆمار کوردەو هەموو ئایین و مەزهەبەکان لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی و هەیکەلەی دەوڵەتی عێراق بەشدارن.

**هەڵبژاردنی عەبادی بۆ ئەم پۆستە کارەساتێکی ڕاستەقینە بوو بۆ شیعە و سەرجەم عێراق، چونکە بۆ گەل دەرکەوت کە ئەو پیاوە لاوازە، بۆ خۆی لاوازە و لە حزبەکەیدا و لە نێو قەومەکەی و لە سامانی و لە هێزەکەیدا و لە بەردەم هەمووان هەر لاوازە**

بەم دواییە قەناعەت لای عەقڵی گشتی شیعەو عەقڵی سیاسیی شیعە پەیدابوو کەماڵی ئەوان ڕووبەڕووی هەڕەشەی لێکترازان دەبێتەوە ئەگەر هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە و چاو بە سیاسەتی خۆیدا نەخشێنێتەوە، لەوەتەی ١٣ ساڵدا چییان پێشکەش عێراقییەکان کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو توانا زۆرە و عەقڵە گەورانەیاندا؟ ئا لێرەدا ململانێ لە نێوان کوتلەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعی دەستی پێکرد، کە هەر کوتلەیەك ئەوەی دیکە بەوە تۆمەتباردەکات کە لە پشت ئەو قەیرانەوەیە، کوتلەی سەدر حزبی دەعوە و شەخسی مالیکی تۆمەتباردەکات کە ڕەوشەکەیان بەم ئاستە گەیاندووە، کاتێ سوننەی پەراوێزخست و کوشت وبڕی کردن و کۆچی پێکردن، کوتلەی مالیکیش جەماعەتی سەدر تۆمەتبار دەکات کە فیتی خۆپیشاندەران دەدات دژ بە حکومەت. لەلایەکی دیکەوە کوتلەی ئەنجومەنی باڵا مالیکی تۆمەتباردەکات کە پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێری بەم قەیرانە گەیاند وسوننەی لە پرۆسەی سیاسی پەراوێزخست، بەڵام کوتلەی بەدر وەك تەماشاکەرە و پارێزگاریی لە بەرژەوەندیی حزبیی خۆی دەکات. ئەم ململانێیە توندو بەردەوامەی نێو هاوپەیمانیی نیشتمانی دەتەقێتەوە ئەگەر بەخۆ نەکەون، باشترین چارەسەریش ڕەنگە داماڵینی دەسەڵات بێت لە حزبی دەعوە کە ١٣ ساڵە حوکمی عێراق دەکات، کە تەنیا ماڵوێرانی و نائومێدی لە وڵاتدا خستۆتەوە. بەڵام فشارەکانی ئەمریکاو خودی سەرۆکەکەی بەردەوامە بۆ مانەوەی عەبادی، چونکە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا نزیکبوونەتەوە، بۆیە زەحمەتە عەبادی بگۆردرێت، چونکە ئەمە کاتی زۆری دەوێت بە تایبەتیش عێراق لەو قەیراندایە، هەرچەندە جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەم ڕووە نەرمیی نواندووە، بەڵام بە ڕای من بڕیارەکە لای گەل و هاوپەیمانیی نیشتمانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانەوەی عەبادی لە دەسەڵات کێشەی زیاتر بۆ ماڵی شیعە دێنێتە پێش.

ئەوەی پەیوەستیشە بە کورد، مانەوەی ئەو یان گۆڕینی هیچ لە واقیع ناگۆڕێت، چونکە کورد گەیشتە قەناعەت کە شەراکەتی ڕاستەقینە هەرەسی هێناوە، ئەوەی حکومەتی بەغدا کردی لە بڕینی بودجە و یارمەتی نەدانی پێشمەرگە و بڕینی مووچە و ڕێگەنەدان بە

پەڕینەوەی ئەو چەکەی لە وڵاتانەوە پێشکەش بە کورد کراوە، هەروەها یارمەتی نەدانی کوردستان لە حەوانەوەی زیاتر لە ملیۆنێك و ٧٠٠ هەزار ئاوارەو تەگەرەخستنە بەر سەردانی شاندە دیبلۆماسییەکان بۆ هەولێر، ئەمانە هەموویان پیلانی ئاشکران بۆ رووخاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پرۆسەی سیاسی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام ئاڵۆزبووە، زەحمەتە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە حکومەتێك هەیە کە نیسابی تەواونەبووە، پەرلەمانێك هەیە نیسابی تەواو نەبووە، پەرلەمانتارانی مانگرتوو رۆژ بەرۆژ ژمارەیان زیاد دەبێت، هەندێ پەرلەمانتار بەشداری دانیشتنەکانیان نەکرد کە کوردن، هەندێکی دیکەش تەنیا خەمی ئەوەیانە لەگەڵ بەرەی سەرکەوتووی کۆتایی بمێننەوە، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێم کە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لاوازەو نەیتوانی دەرسێك بداتە عەبادی، چاکتر وایە سوننە بیر لە کەسایەتییەکی دیکە بکەنەوە لە شوێنی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان دکتۆر سەلیم جبوری، هەتا ئەگەر توانی بشگەڕێتەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمان دوای تەوابوونی نیساب ئەوا ١٦٥ پەرلەمانتار ئامادەدەبێت و جاری داهاتووش زیاتر لاواز دەبێت، چونکە خۆی و هەردوو جێگرەکەی هەیبەتیان لەدەستداوە، تەنانەت هەیبەتی پەرلەمانیش پەرێشانە، کە ناتوانن یەك دانیشتن بەڕێوەببەن و دواتر دەبێتە هەراو کاری تەشریعی و چاودێریی وڵات پەکی دەکەوێت.

رەنگە خوێنەر بپرسێت، بۆچی پەرلەمانتارانی کورد داکۆکییان لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، مادام ئاوا لاواز بوو؟ لە وەڵامدا دەڵێین راستە مەبەستی سەرەکی لە داکۆکیکردنمان لەو دەستەیە وەستانی بەهێز بوو دژی داواکاریی پەرلەمانتارانی مانگرتوو، چونکە ئەوان دەیانویست گۆڕانکاریی مەترسیدار بکەن لە داهاتوودا، هەروەها شتێکی دیکە ئەوە بوو کە هەندێك لەو مانگرانە لە دۆسیێ گەندەڵییەوە گلاون، تێیاندابوو بەعسی، یان ناسرابوون بەوەی دژایەتیی ئاشکرای کوردستانیان دەکرد، کەواتە چۆن بهێڵین کودەتا بەسەر شەرعییەتدا بکەن، سەبارەت بە کوتلەی ئەحرار، بێ گومان ئەو کوتلەیە وەك کوتلە منداڵێکی نازدارە، هاوپەیمانیی نیشتمانی وەك منداڵێکی نازدار مامەڵە لەگەڵ موقتەدا سەدردا دەکات، چونکە سی و شتێك کورسی هەیە، بەڵام دیارە هاوپەیمانیی نیشتمانیی ئاگای لەو کوتلەیە دەبێت، هەتا هەندێکیان لە هەڕەشەکانی ئەو کوتلەیە دەترسێن، چەند جار پەرلەمانتارانی ئەو کوتلەیە لەو پەرلەمانتارانەیان داوە کە رەخنەیان لە پرۆژەکانیان گرتووە، ئەوەی لە دوا دانیشتنی پەرلەمان رووی دا شتێکی ئاشکراو دیار بوو، کاتێ پەرلەمانتارانی کوتلەی ئەحرار هەڕەشەیان لە پەرلەمانتاران دەکرد، ئەگەر دەنگ نەدەن لەسەر وەزیرەکایانیان بە لەکارلابردن، یان متمانەپێدانیان، تەنانەت حاکم زاملی سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە کوتلەی ئەحرار هەڕەشەی لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، کاتێکیش نیسابی کاتی دیاریکراوەی عەبادی تەواونەبوو بۆ پێشکەشکردنی ناوی وەزیرەکان، ئەم هەڕەشەیەی کوتلەی ئەحرار هاتەدی، خۆپیشاندەران هاتنە ناو زۆنی سەوزەوەو پەلاماری پەرلەمانیان دا و کارەسات رووی دا، ئەوە یەکێکە لە گاڵتەجاڕیی عێراقی تازە، کاتێك بەرزترین دەسەڵاتی تەشریعی لە وڵات پەلاماربدرێت، بێگومان خودی عەبادی تەواوی بەرپرسیارێتیی ئەمەی دەکەوێتە ئەستۆ چونکە فەرماندەی گشتی هێزی چەکدارە.

ئەوەی تایبەتیشە بە کوتلە کوردستانییەکان ئەوا گەڕانەوە نییە بۆ بەغدا لەم قەیرانەدا، باشتر وایە هەندێ هەڵوێست وەربگرن لە شێوەی داخوازیدا، یەکەم: داوا لە حکومەت بکەن لیژنەیەك پێك بهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەوانەی کە لەپشت ئەو رووداوەوە بوون، دووەم: هەر یەکێك دەستی لەو تاوانە هەبووبێت بدرێتە دادگا، پۆزش هێنانەوەیەکی فەرمی لە کوتلەی ئەحرار، پێدانی زەمانەتی راستەقینە بەوەی کە ئەم گاڵتەجاڕییە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە، ئەنجامدانی دانیشتنێکی سەرتاسەری کە هەموو لایەك هەتا پەرلەمانتارانی مانگرتوو ئامادەبن، ئەو کاتە دەکرێت گفتوگۆ لەسەر هەموو دۆسێیەکان بکرێت لەوانەش لەکارلابردن و دەست لە کارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دواتر لێپرسینەوە لە عەبادی بکرێت تاکو یەکسەر لای ببەن، کە هەر ئەوە بنەمای کێشەکە و کێشەی سەرەکییشە لە پرۆسەی سیاسی، بەڵام پێموایە ئەم پرۆسەیە زۆ ئاڵۆزەو خەریکە بەبنبەست دەگات، کورد متمانەیان بە بەڵێنەکانی حکومەتی بەغدا نەماوە، بەغداش هەولێر بە سەرچاوەی نیگەرانیی خۆی دەزانێت، شیعە لەنێوان خۆیاندا ناکۆکن، رەنگە بەم زووانە لێك بدەن، سوننەش پەرش وبڵاون و مەرجەعییەتێکی سیاسییان نییە، هەندێکیان لەگەڵ مالیکین، هەندێکی دیکەشیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیانن، بەشێکی دیکەش لەوانە دەیانەوێت ستێك بۆ تایفەکانیان بەدەست بێنن، بەڵام لاوازن، وا دیارە کۆی پرۆسەی سیاسی بەرەو داڕووخانە، عێراق خەریکە هەرەس دێنێت، دابەشکردنیشی تەنیا لەسەر کات ماوە، رەنگە ئەو سەد ساڵەی سایکس پیکۆ بەس بێت بۆ ئەوەی ئەم جارە بچینە نێو پرۆسەی دابەشکردنێکی دیکەی ناوچەکە، بەڵام ئەم جارەیان لە بەرژەوەندیی گەلی کورددا دەبێت کە بەدرێژایی ئەو مێژووە رووبەڕووی مەینەتیی بۆتەوە.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**پارێزگاریکردن لە ناسنامەی مەزهەبگەرایی لە ئێران لە هەموو شتێک گەورەترە، ئێران هەموو شتێکی کردۆتە قوربانیی پاراستنی ئەو مەزهەبگەراییە کە شادەماری بوونی ئێرانە**

**پرۆسەی سیاسی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام ئاڵۆز بووە و زەحمەتە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە حکومەتێک هەیە کە نیسابی تەواو نەبووە، پەرلەمانێک هەیە نیسابی تەواو نەبووە، پەرلەمانتارانی مانگرتوو رۆژ بە رۆژ ژمارەیان زیاد دەبێت**




## بەشار کیکی

### سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:

# پارێزگای نەینەوا جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ پێش حوزەیرانی ٢٠١٤ و دەبێت بەشێوەیەک بەڕێوەببریت کە خەڵکی ئەو پارێزگایە قبووڵی بکەن

**پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، تەنیا رەهەندێکی سەربازی نییە، بەڵکو ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە کە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ لە دەستی داعش، ئایندەی پارێزگای نەینەوا چۆن دەبێت و چۆن دووبارە رێکدەخرێتەوە، هەروەها چ میکانیزمێك لە دووبارە رێکخستنەوەی ئەو پارێزگایە دەگیریتەبەر بۆ ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو شارە لە ئایندەی خۆیان نەترسن؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و ئامادەباشییەکان بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ و خۆئامادەکردن بۆ ئەگەری شاڵاوێکی دیکەی پەنابەران، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەشار حەمید مەحمود کیکی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لەگەڵ ئەوەی مەسەلەی ئازادکردنی شاری موسڵ بووەتە باسی سەرەکیی میدیا ناوخۆیی و جیهانییەکان، بەڵام پێدەچێت ئەم مەسەلەیە هەر وا ئاسان نەبێت و کاتێکی زیاتری بوێت تاوەکو پلانی ئازادکردنی موسڵ تەواودەبێت، پێتانوایە ئەو ئاستەنگانەی بەردەم پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ چین؟**

- کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ بەندە بەچەندین هۆکار، دەبێت ئەوەش بزانین رزگارکردنی شاری موسڵ وا ئاسان نییە. پێش هەموو شت دەبێت بپرسین: بۆچی موسڵ کەوتە دەستی داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بە پرۆسەی بەڕێوەبردنی ئەو شارە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، کە حکومەتی عێراق نەیتوانیوە داخوازی عەرەبی سوننە جێبەجێ بکات، هەر بۆیە کاتێك لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش موسڵی داگیرکرد، خەڵکی موسڵ لە سەرەتاوە پێشوازییان لێکردن، باسکردنی ئەم باکگراوەندە گرنگ بوو بەوەی ئەو راستییە بزانین کە داگیرکردنی موسڵ دوای حوزەیرانی ٢٠١٤ دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو دوای ٢٠٠٣ و پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە دەستی پێکردووە و وا بەئاسانیش تەواو نابێت.

*** ئایا مەبەستتان لەوە چییە کە دەڵێن وا بەئاسانی داگیرکاری موسڵ کۆتایی نایەت؟**

- موسڵ شارێکی گەورەیە و وا بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێتەوە، چونکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت ئەو خەڵکە مەدەنییە بەرەو کوێ بچن، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت شوێنێك دابین بکرێت ئەو خەڵکە ئاوارەیە لەخۆی بگرێت، بەڵام تا ئێستا لێکتێگەیشتنی سیاسی لە نێوان حکومەتی ناوەندی بەغدا و ئەو هێزانە نییە کە خۆیان بە نوێنەری خەڵکی موسڵ دەزانن کە حکومەتی ئێستای خۆجێی و ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا دەگرێتەوە، یان ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەتی خۆجێی موسڵ کە دەبێت بۆ ئەوانیش بەرچاوڕوونییەك هەبێت، بەوەی ئایندەی موسڵ و پێکهاتەکانی پارێزگای نەینەوا بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕۆن، لەلایەکی دیکەوە هەتا ئێستاش سوپای عێراق بەرچاوڕوونی تەواوی نییە بۆ ئامادەباشی لە رووی دابینکردنی لۆژیستی، هەروەها دابینکردنی چەك و تەقەمەنی پێویست بۆ ئەو پرۆسەیە، ئەمانە هۆکاری گرینگن، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە لێکتێگەیشتنی سیاسی لەسەر ئایندەی موسڵ نییە، کە بەتەئکید موسڵ جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ پێش ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤و، دەبێت ئاراستەیەکی دیکەی بەڕێوەبردن بگیرێتەبەر کە خەڵکی پارێزگای نەینەوا قبووڵی بکات. لەبەر ئەوەی ئێستا نزیکەی دوو ملیۆن خەڵك لەناو شاری موسڵ لە ژێر کۆنترۆڵی تیرۆریستانی داعشن، پرسی سەرەکیی ئەو خەڵکە ئەوەیە چۆن موسڵ رزگار بکرێت، بەڵام قبووڵیشیان نییە حەشدی شەعبی بەشدار بێت. ئەم بابەتانە هەمووی بە یەکترەوە گرێدراوە. هەربۆیە ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بڕیارماندا کە نابێت حەشدی شەعبی بەشداری پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بکات، چونکە زۆرینەی خەڵکی پارێزگای نەینەوا پێی باش نییە.

*** ئامادەکارییەکان لە رووی سەربازییەوە بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ گەیشتوونەتە کوێ؟**

- لەسەر ئاستی سەربازی پلان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا ئەو پلانە روون نییە، پێویستە لەم پلانەدا ئامادەکاری ئەوە بکرێت چۆن خەڵکی پارێزگای نەینەوا و عەرەبی سوننەی هۆزەکان بەشداری دەکەن لە ئازادکردنەوەی موسڵ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر شانی ئەوان، بۆیە دەبێت ئەم دۆسیەیە بە هەماهەنگی بەڕێوە بچێت، دەبێت حکومەتی خۆجێی نەینەوا بەجۆرێك هێزەکانی ئاسایش رێکبخاتەوە کە لە خەڵکی ئەو پارێزگایە پێکهاتبن، ئەمەش دەبێت بە هەماهەنگیکردن بێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا و ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی. هەروەها هەر لە چوارچێوەی ئەم ئامادەباشییە، ئێستا سەربازگەی حەشدی وەتەنی بە سەرۆکایەتی ئەسیل نوجێفی بەڕێوەدەبرێت کە بەغدا هیچ پێوەندی پێوە نییە، بەڵام نوجێفی بەپێی پەیوەندییەکانی خۆی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هێزەکانی هاوپەیمانان و تورکیا ئەو سەربازگەیە بەڕێوەدەبات، ئەوجا حکومەتی عێراق ئیعترافی پێ بکات، یان نا، لەدواییدا هەر مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە دەکرێت، ئێستا بارودۆخەکە بەمشێوەیە و دەبێت خەڵکی پارێزگای نەینەوا بەتایبەتی عەرەبی سوننە خۆیان یەکبگرن و داخوازی بەرچاویان هەبێت، بەڵام من دڵنیام دۆخەکە ناگەڕێتەوە بۆ ٦/١٠ خەڵکی موسڵ و ئەو پارێزگایە قبووڵی ئەوە ناکەن فەرماندەیەکی سەربازی نەناسراو بێت و لەو پارێزگایە بکەوێتە گیانی خەڵك و دەستدرێژی لە خەڵکی بکات، ئیتر ئەمە قبووڵ ناکرێت .

*** ئاماژەتان تەنیا بە عەرەبی سوننە کرد، بەڵام لە موسڵ پێکهاتەی دیکە وەك کوردی ئێزیدی و شەبەك و کریستیان و تورکمان و هی دیکەش هەن، ئایا ئەوان چارەنووسیان لەو پارێزگایە چۆن دەبێت؟**

**کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرۆک هۆز و کەسایەتییەکانی پارێزگای نەینەوا بۆ ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مێژووییە دوور و درێژەی نێوان کورد و عەرەب دەگەڕێتەوە، لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. ئاشکرایە لە دوای داعش بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو پێوەندییە کەوتە بوارێکی ترەوە، واتا جۆرێك لەدەستدانی متمانە هاتە پێش، چونکە زۆر لە گوندنشینانی عەرەب هەبوون لە پشتەوە لە پێشمەرگە و پێکهاتەکانیان دا و جۆرە خیانەتێکیان کرد**

**پێشمەرگە لەو ناوچانە رۆڵی سەرەکی و باڵا دەبینێت بۆ ئەو بابەتانە، پێشمەرگە هێزێکی رێکخراو و رێکوپێک و مەقبوولە و ئێستا خەڵکی ئەگەر بیانەوێت ئازاد بن و دڵنیا بن، بەبێ ترس روو دەکەنە پێشمەرگە و تەنسیقی تەواومان لەگەڵ پێشمەرگە هەیە**

**داعش لە سەرەتاوە دەیویست مەسەلەی قەومی بهێنێتە پێشەوە و بیکاتە شەڕی کورد و عەرەب، سەرۆک بارزانی ئەو موبادەرەیەی کرد و نەیهێشت ویستی داعش بە قۆزتنەوەی دۆخەکە بێتەدی و شەڕەکە ببێتە شەڕی کورد و عەرەب**

**بۆ هەرێمی کوردستانیش زۆر گرینگە کە موسڵ ئارام بێت، چونکە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، باش دەزانین بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە زیاتر لە ١٢ یەکەی ئیداریی نەینەوا ئازاد کراوە**

**داگیرکردنی موسڵ دوای حوزەیرانی ٢٠١٤ دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو دوای ٢٠٠٣ و پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە دەستی پێکردووە و وا بەئاسانیش تەواو نابێت**

**چارەسەری تەواو بۆ کوردی ئێزیدی و کریستیان و شەبەک و کاکەیی و تورکمان ئەوەیە دابەشکردنێکی ئیداری لە پارێزگای نەینەوا بکرێت، ئەمەش بەو جۆرەی شەنگال ببێتە پارێزگا، تەلعەفەریش بۆ تورکمانەکانی سوننە و شیعە ببێتە پارێزگا و دەشتی نەینەواش ببێتە پارێزگایەکی دیکە بۆ کریستیان و ئەو پێکهاتانەی لەو ناوچەیە دەژین، ئەگەر ئەمە کرا، ئەو کات جۆرە دڵنیاییەک بەم پێکهاتانە دەدرێت کە چیتر داهاتوویان لە مەترسیدا نابێت**

- سەبارەت بە پێکهاتەکانیش لە کوردی ئێزیدی و کریستیان و شەبەك و کاکەیی و تورکمان چارەسەری تەواو بۆ ئەوان ئەوەیە دابەشکردنێکی ئیداری لە پارێزگای نەینەوا بکرێت، ئەمەش بەو جۆرەی شەنگال ببێتە پارێزگا، تەلعەفەریش بۆ تورکمانەکانی سوننە و شیعە ببێتە پارێزگا و دەشتی نەینەواش ببێتە پارێزگایەکی دیکە بۆ کریستیان و ئەو پێکهاتانەی لەو ناوچەیە دەژین، ئەگەر ئەمە کرا، ئەو کات جۆرە دڵنیاییەك بەم پێکهاتانە دەدرێت کە چیتر داهاتوویان لە مەترسیدا نابێت. لەم حاڵەتەشدا ئەگەر ئەو پارێزگایانە دروست بوو، ئەوا خۆیان بڕیار دەدەن دەچنە سەر هەرێمی کوردستان، یان خۆیان وەك پارێزگایەکی سەربەخۆ دەمێننەوە، یان سەر بە حکومەتی ناوەندی (بەغدا) دەبن.

*** هەموو شارەزایانی سەربازی باس لەوە دەکەن موسڵ تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیایە لە پارێزگاکانی وەك تکریت و رومادی، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری خەڵکی موسڵ لەو شارە ماونەتەوە و لە ژێر دەستی داعشن، ئێوە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کە لە نزیکەوە شارەزاییتان لە دۆخی خەڵك لەناو شاری موسڵ هەیە، ئایا جیاوازی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ لەگەڵ ئەنبار و رومادی و تکریت چییە؟**

- جیاوازییەکی زۆر هەیە، چونکە کۆمەڵگەی موسڵ کۆمەڵگەیەکی فرەپێکهاتەیە، ئەنبار و سەلاحەدین لە رووی پێکهاتە و رووبەری زەوی و بوونی ئیمکاناتەوە جیایە، داعش ئێستا موسڵ وەکو پایتەختی خۆی دەزانێت، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە هێزە هەواڵگری و ئەمنییەکانی عێراق بێ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ هێزێك لەناو شاری موسڵ بکەن بەرەو ئەو شارە بچن، ئەوا بۆ دوو ساڵ دەچێت داعش لەناو شارەکە خۆی بینا کردووە و دەبێت دڵنیاییش بە خەڵکی موسڵ بدرێت کە ئەو هێزەی رزگاریان دەکات لە خەڵکی خۆیانە و نایەت دەستدرێژییان لێبکات، سەرەتا دەبێت شاری موسڵ گەمارۆ بدرێت بۆ ئەوەی لەناو موسڵدا نارازیبوون رووبدات و چەکداران دەربکرێن، هەروەها نابێت وەك هێزێکی سەربازی مامەڵە لەگەڵ داعش بکرێت، لەبەر ئەوەی داعش شەڕی ناو شار و ماڵە و ماڵ دەکات، دیارە زۆر کەسیش هەیە لەناو موسڵ ئامادەیی ئەوەیان نابێت دەربچن، زۆر خەڵك هەیە ماڵی خۆیان جێناهێڵن، تەنانەت لەسەرەتادا خەڵکانێك هەبوون لەناو شارەکە دەرچوون کەچی دواتر گەڕانەوە، ئەمە تایبەتمەندی خەڵکی سەنتەری شاری موسڵە کە زۆربەیان پیشەگەر و فەرمانبەرن، نەسیجی کۆمەڵایەتی شاری موسڵ وایە کە ئەو خەڵکە وا بەئاسانی راناپەڕن، دەبێت یەکەمجار لەگەڵ هێزە سەرەکییەکانی ناو شاری موسڵ بەتایبەتی عەرەبی سوننە هەماهەنگی هەبێت. هەروەها دەبێت سەرەتا چەند شارێکی دەوروبەری موسڵ ئازاد بکرێت، بەتایبەتی گەیارە، دەبێت سوپای عێراق و حەشدی عەشائیری سوننە ئەوانەی خۆبەخشن لەناو پرۆسەکە بن، بۆ ئەوەی روون بێت کە خەڵکی موسڵ بەشداری سەرەکییان لە رزگارکردنی شارەکە هەیە . بەگشتی دەبێت ئێمە بزانین کە خەڵکی ناو شاری موسڵ ئەوانەی ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدان، راوبۆچوونی خۆیان دەبێت، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوان لە موسڵن، واتا لەگەڵ داعشدان، نەخێر. ئەوانە دەیانەوێت بزانن دوای داعش کێ لە موسڵ حوکم دەکات.

*** ترسی گەورە لە رزگارکردنی موسڵ بەشداری حەشدی شەعبی-یە، کە لە دوو لایەنەوە مەترسی هەیە، لەلایەك بەشداری حەشدی شەعبی دەبێتە کارتێك بە دەست داعشەوە بۆ ئەوەی شەڕی شیعە و سوننەی پێبکات، لەلایەکی دیکەوە ترسی ئەوە هەیە کۆمەڵکوژی لەسەر دەستی حەشدی شەعبی دژی سوننە بکرێت، ئایا چۆن حیسابتان بۆ ئەو دوو مەترسییە کردووە؟**

- پێش هەمووشت وەك ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بڕیارمان داوە کە نابێت حەشدی شەعبی بەشداری ئەو پرۆسەیە بکات، ئەویش لەبەر ئەوەیە هەستیاری بواری مەزهەبی نەکەوێتە دۆخێکی مەترسیدارەوە، پێمانوایە ئەگەر بڕیار بدرێت حەشدی شەعبی بەشدار بێت لە رزگارکردنەوەی موسڵ، خەڵکی موسڵ قبووڵی ناکەن، چونکە خەڵکی شاری موسڵ نە داعشیان قبووڵە، نە حەشدی شەعبی، تەنانەت ئەگەر حەشدی شەعبی بەشدار بێت، خۆکوژییە بۆ ئەوانیش، چونکە مومکینە خەڵکی پارێزگای نەینەوا لە دژی حەشدی شەعبی راپەڕین بکەن، خۆتان دەزانن پێشتر موسڵ لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندی، فەرماندەی عەمەلیاتیان هەبووە، سێ فرقەی گەورەی پڕچەکیان هەبووە و قیادەی ئەو ئۆپەراسیۆنەیان کرد، بەڵام هەڵهاتن و ئەو سوپا زەبەلاحە دارما، هەربۆیە نابێت حەشدی شەعبی بەشداری پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ بکات، چونکە ئەو کاتە ئێمە نازانین بە چ شێوەیەك دۆخی موسڵ تەواو دەبێت، رەنگە ئەم بابەتە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی ناو شاری موسڵ لە دژی حەشدی شەعبی راپەڕن، بۆیە ئێمە دەمانەوێت خەڵکی میانڕەوی ناو موسڵ و خۆبەخشەکان و حەشدی هۆزەکان بەشداری بکەن، ئەو کات دڵنیایی

بە خەڵكی موسڵ دەدرێت كە ئەو هێزانە لە خۆیانن و دروشمی تائیفی و جیاجیا كە لەسەر ئاستی جیا جیا بانگەشەی بۆ دەكرێت، نامێنێت.

*** دیارە سەرۆك بارزانی بارودۆخی پارێزگای نەینەوا دوای ئازادكردنەوەی لەدەستی داعش زۆر لە لای گرینگە، بۆ ئەمەش جەخت لەوە دەكاتەوە دوای ئازادكردنەوەی موسڵ دەبێت بزانرێت چۆن بەڕێوەدەبرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئێوە وەكو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا پلانتان بۆ بەڕێوەبردنی نەینەوا دوای ئازادكردنی لە دەستی داعش چۆنە؟ ئایا بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ سەرۆك بارزانی كۆبوونەتەوە و ئەگەر كۆبوونەتەوە بەچی گەیشتوون؟**

- ئێمە دوو جار لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی دانیشتووین، ئەو پێیوایە دەبێت زەمانەتی تەواو بە پێكهاتەكانی شاری موسڵ بدرێت، كە تووشی ئەو كارەساتە نەبنەوە، هەروەها شتێكی گرینگ هەیە كە دەبێت شاری موسڵ بە شێوەیەكی بەرچاو لە رووی ئەمنییەوە روون بێت كێ ئەو مەلەفە بەڕێوەدەبات، لەبەر ئەوەی بۆ هەرێمی كوردستانیش زۆر گرینگە كە موسڵ ئارام بێت، چونكە كاریگەری لەسەر هەرێمی كوردستان دەبێت، ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، باش دەزانین بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە زیاتر لە ١٢ یەكەی ئیداریی نەینەوا ئازاد كراوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە كە ئێمە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بكەین. من دەڵێم خەڵكی موسڵ رازی نابن دۆخەكە بگەڕێتەوە بۆ پێش حوزەیرانی ٢٠١٤، ئاراستەكە بەو جۆرەیە نەینەوا زیاتر بەرەو هەرێمبوون دەچێت، ئەمە لە رووی سیاسییەوە، بەڵام لە رووی مرۆیی پلانمان هەیە و لە كۆنگرەی رۆژنامەوانی ئەو پلانە ئیدارییەمان راگەیاند كە چۆن دوای كۆنترۆڵكردنەوەی موسڵ لە رووی ئیدارییەوە كار بكەین و یارمەتی خەڵك بدەین.

*** ماوەی پێشوو سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرۆك هۆز و كەسایەتییەكانی پارێزگای نەینەوا كۆبووەوە. ئایا ئامانجی سەرۆك بارزانی لەو كۆبوونەوەیە چی بووە و داواكاری ئەوان لە سەرۆك بارزانی چی بوو؟**

- بە روونی و ئاشكرایی كۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرۆك هۆز و كەسایەتییەكانی پارێزگای نەینەوا بۆ ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و مێژووییە دوور و درێژەی نێوان كورد و عەرەب دەگەڕێتەوە، لەسەرجەم بوارەكانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. ئاشكرایە لە دوای داعش بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو پەیوەندییە كەوتە بوارێكی ترەوە، واتا جۆرێك لەدەستدانی متمانە هاتە پێش، چونكە زۆر لە گوندنشینانی عەرەب هەبوون لە پشتەوە لەپێشمەرگە و پێكهاتەكانیان دا و جۆرە خیانەتێكیان كرد. ئەمەش مانای ئەوەیە دووبارە چاو بەو پەیوەندییەدا بخشێندرێتەوە، جەنابی سەرۆك بارزانی كە لەگەڵیان دانیشت، نامەیەكی پێ بوو، كە ئەوەی بەو دۆخە رازی بێت، برای ئێمەیە و مافی پارێزراوە، ئەوەشی دەستی لە دەستدرێژی و كوشتنی خەڵك هەبووە، ئیتر ئەوە نابێت بگەڕێتەوە و رێگەش نادرێت بگەڕێتەوە، ئەو كۆبوونەوەیە لەگەڵ هۆزە عەرەبەكان زۆر گرینگ بوو، چونكە داعش لە سەرەتاوە دەیویست مەسەلەی قەومی بهێنێتە پێشەوە و بیكاتە شەڕی كورد و عەرەب، سەرۆك بارزانی ئەو موبادەرەیەی كرد و نەیهێشت ویستی داعش بە قۆزتنەوەی دۆخەكە بێتەدی و شەڕەكە ببێتە شەڕی كورد و عەرەب.

*** باس لەوە دەكرێت ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لە قۆڵەكانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای موسڵ هەماهەنگیتان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەیە بۆ ئەوەی لەو قۆڵانەوە سەرپەرشتی رزگاركردنی موسڵ بكەن، هەروەها لەو قۆڵەوە خزمەتگوزاری پزیشكی بۆ هێزەكانی پێشمەرگە دابین بكرێت، ئایا ئەو هەماهەنگییەتان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و پارێزگای دهۆك دروست كردووە؟**

- ئێمە هەماهەنگیمان لەگەڵ پارێزگای دهۆك و هەولێر هەیە، سوپاسیشیان دەكەین و ئامادەكاریمان لە رووی تەندروستی و شارەوانی هەیە، پێشمەرگە لەو ناوچانە رۆڵی سەرەكی و باڵا دەبینێت بۆ ئەو بابەتانە، پێشمەرگە هێزێكی رێكخراو و رێكوپێك و مەقبوولە و ئێستا خەڵكی ئەگەر بیانەوێت ئازاد بن و دڵنیا بن، بەبێ ترس روو دەكەنە پێشمەرگە و تەنسیقی تەواومان لەگەڵ پێشمەرگە هەیە و لەبەرەكان بەسەریان دەكەینەوە و دەزانین رۆڵی سەرەكییان لە رزگاركردنی موسڵ هەیە.

*** دواپرسیارمان ئەوەیە ئەوەی مەزندە دەكرێت لەگەڵ دەستپێكردنی پرۆسەی ئازادكردنی موسڵ ژمارەیەكی زۆری خەڵكی ئەو شارە ئاوارە بن، تاچەند ئامادەكاریتان بۆ ئەم مەسەلەیە كردووە؟**

- ئێمە نوێنەرمان هەیە لە ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش كە حكومەتی هەرێمی كوردستان و بەغدا و هێزەكانی هاوپەیمانانی تێدایە، ئاگادارین و پلانیش هەیە و ئەو شوێنانەمان دەستنیشان كردووە كە ئاوارە رووی تێدەكەن، بەڵام چەند دەبێت و چۆن دەبێت، تا ئێستا بە تەواوەتی روون نییە، بەڵام خەڵك ئاراستەی ئەو شوێنانە دەكەین كە ئامادەكاریمان تێدا كردووە تاوەكو رووبكەنە ئەو شوێنانە و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بكرێت.

**ئێستا سەربازگەی حەشدی وەتەنی بە سەرۆكایەتی ئەسیل نوجێفی بەڕێوەدەبرێت كە بەغدا هیچ پێوەندی پێوە نییە، بەڵام نوجێفی بەپێی پەیوەندییەكانی خۆی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی كوردستان و هێزەكانی هاوپەیمانان و توركیا ئەو سەربازگەیە بەڕێوەدەبات**

**ئێمە وەكو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بڕیارماندا كە نابێت حەشدی شەعبی بەشداری پرۆسەی ئازادكردنەوەی موسڵ بكات، چونكە زۆرینەی خەڵكی پارێزگای نەینەوا پێی باش نییە**

**داعش ئێستا موسڵ وەكو پایتەختی خۆی دەزانێت، هەڵەیەكی زۆر گەورەیە هێزە هەواڵگری و ئەمنییەكانی عێراق بێ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ هێزێك لەناو شاری موسڵ بكەن بەرەو ئەو شارە بچن**





# بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

## ریفراندۆم لە ڕوانگەی یاسا و زانستە سیاسییەکان

تالیب عەبدولعەزیز*


تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

### مەبەست لە ریفراندۆم یان گشتپرسی

لە زمانی ئینگلیزی وشەی (Referendum) و لە عەرەبی وشەی (الاستفتاء) بەکاردێ، لە زمانی کوردی وشەی (ڕاپرسیی گشتی) یاخود (گشتپرسی) بەکاردێ. لەم ڕاپۆرتە وشە باوەکە (ریفراندۆم) زیاتر بەکاردێ. لە پرۆسەی ریفراندۆم بابەتی جۆراوجۆری سیاسی و یاسایی و ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەخرێتە بەردەم گەل (گەل، بەمانا سیاسییەکەی واتە ئەو هاووڵاتیانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە)، بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن. ریفراندۆم لە گرنگترین شێوازەکان، یاخود ڕێوشوێنەکانی دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆیە. تەنانەت زۆربەی شێواز و لایەنە پراکتیکیەکانی دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ لە دوایدا هەر بە ریفراندۆم یەکلادەکرێنەوە. دواتر تیشك دەخەینەسەر ئەم شێوازانە. لە ڕاستیدا ریفراندۆم گرنگیی خۆی هەیە لە هەستکردنی هاووڵاتی بە ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی وڵات؛ هاووڵاتیان بەشداری سیاسی فیعلی و ڕاستەوخۆیان دەبێت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و تەعبیر لە ئیرادەی خۆیان دەکەن.

### ریفراندۆم لە پرەنسیپەکانی دیموکراسییە

لە سەرەتادا پێویستە بڵێین وشەی دیموکراسی



(Democracy)وشەیەکی یۆنانی کۆنە بە واتای حوکمڕانیی گەل و هیچ دەسەڵاتێك لە سەرەوەی ئیرادەی گەل نییە، بەڵکو گەل خۆی سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە. کەواتە پەنابردن بۆ سیستمی دیموکراسی لەڕاستیدا زەرورەتێکی عەقڵییە بۆ بەدامەزراوەکردنی دەسەڵات و زەرورەتی بوونی سیستمی دیموکراسی و گرینگی پێدانمان بە مەبەستی ڕێزگرتن و دانانە بە ئیرادەی گەل. ریفراندۆم ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی ئەم ئیرادەیە و بەشدارییەکی ئاشتییانەی گەلە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەپاڵ نوێنەرانی گەل خۆی .

ڕۆبێرت دال (Robert Dahl) پێیوایە کە دیموکراسی تەواو و بێخەوش لە واقیعدا نییە، بەڵکو ئەم ئاستە لە دیموکراسی تەنیا کۆمەڵێك بیرۆکە و تێڕوانین وپێوەرن کە دەتوانین واقیعی پێ هەڵبسەنگێنین. لە ڕووی پراکتیکییەوە دال پێنج پێوەری داناوە بۆ ئەوەی سیستمێك بە دیموکراسی پێناس بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

- بەشداریی فیعلی و کاریگەر: واتە پێویستە هەڵی یەکسان و کاریگەر بڕەخسێنرێت بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو سەبارەت بەوەی کە پرۆسەی سیاسی پێویستە لە وڵات چۆن بێ.
- یەکسانی لە مافی دەنگدان: واتە هەموو دەنگدەران ماف و هەڵی یەکسانیان هەبێ لە دەنگدان لەکاتی بڕیاردان و هەریەك لە دەنگەکانیش سەنگیان یەکسان بێ.
- تێگەیشتنێکی تەواوی دەنگدەران لە بابەتەکان و بە تەواویش چاوکراوە بن: دەبێت هەڵی یەکسان بڕەخسێ بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتییان زانیاری تەواویان هەبێ لەسەر پرۆسەی سیاسی و سیاساتی بەدیل و ئەگەری دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی هەر سیاسەتێك.
- ڕێکخستنی خشتەی کارەکان: واتە پێویستە گەل هەمووکات هەڵی ئەوەی هەبێت کە چۆن بابەت و کێشە و پرسەکان بخاتە خشتەی کارەکان و جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی پرسەکان لەڕێگەی پرۆسەی دیموکراسی.
- ئەم مافانەی چوار خاڵەکەی پێشوو هەموو هاووڵاتیانی پێگەیشتوو(بالغین)بگرێتەوە.

■ **ریفراندۆم وەك شێوازێکی دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆ**

سێ شێواز لە پەیڕەوکردنی سیستمی دیموکراسی هەیە کە بریتین لە:

- دیموکراسیی ڕاستەوخۆیە: لەم پرۆسەیەدا گەل خۆی ڕاستەوخۆ دەبێتە دروستکەری بڕیارە سیاسییەکان؛ ئەم جۆرە سیستمە بۆ سەردەمی دەوڵەتە شاری یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە.
- سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی: مەبەست لەم جۆریان گەل نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ و ڕایدەسپێرێ بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتی گەل لە جێگای ئەوان و بە ناوی ئەوان بە شێوەیەکی خولی پەیڕەوی حوکمڕانی بکەن. لە بنەماکانی ئەم سیستمە بوونی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوە، ئەم پەرلەمانە نوێنەرایەتی هەموو نەتەوەکە بکات.
- دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆ: ئەمەیان سیستمێکی مام ناوەندییە لە نێوان دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و دیموکراسیی نوێنەرایەتی؛ دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆ پێویستی بە بوونی دەستەیەك و دامەزراوەیەکی سیاسی هەڵبژێردراو هەیە کە نوێنەرایەتی گەل بکات لە حوکمڕانیی وڵات، جگە لەمە گەل هەندێ دەسەڵات بۆ بڕیاری خۆی دەهێڵێتەوە وە لە دەستوور دیاریدەکرێ. کەواتە دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆ سیستمێکی دیموکراسی نوێنەرایەتی

**لەڕووی پراکتیکییەوە زۆر لە پرۆسەکانی ریفراندۆم لە کاتێک پەنایان بۆ براوە کە وڵات لە قەیرانە؛ زۆرجار لە پێناو یەکلاکردنەوەی ململانێی کایەکانی دەسەڵات و دامەزراوەکانی و کاتی گەیشتن بە بنبەست. هەندێجار بۆ ئەوە ئەنجام دەدرێ تاوەکو قەناعەت بە ڕای گشتی ناوخۆ و دەرەکی بهێنرێ کە گەل لە گەڵ بڕیاری دەسەڵاتی سیاسییە، بەتایبەتی لە بابەتی مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی**

**وشەی دیموکراسی (Democracy)وشەیەکی یۆنانی کۆنە بە واتای حوکمڕانیی گەل و هیچ دەسەڵاتێک لە سەرەوەی ئیرادەی گەل نییە، بەڵکو گەل خۆی سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە. کەواتە پەنابردن بۆ سیستمی دیموکراسی لەڕاستیدا زەرورەتێکی عەقڵییە بۆ بەدامەزراوەکردنی دەسەڵات و زەرورەتی بوونی سیستمی دیموکراسی و گرینگی پێدانمان بە مەبەستی ڕێزگرتن و دانانە بە ئیرادەی گەل**

پێشکەوتووە. کە وادەکات پەرلەمان و سەرۆکی هەڵبژێردراو پێوەندییان بە گەل نەپچڕێ و لە زۆر بابەتی گرینگ بۆ ڕای گەل بگەڕێنەوە.

## ■ ریفراندۆم لە بنەماکانی تیۆری سەروەریی گەلە

دوو تیۆر بۆ سەروەریی گەل هەیە کە بریتین لە:

- تیۆری سەروەریی نەتەوەیی: ئەم تیۆرە واسەیری کۆمەڵگە دەکات وەك کوتلەیەکی یەکگرتوو، پێیوایە کە سەروەریی نەتەوە یەك پارچەیە، یەك کوتلەیە و بەش بەش ناکرێت لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و هیچ سەروەرییەك لە سەرەوەی ئەم سەروەرییە نییە، بەڵام لەکاتێکدا نەتەوە خۆی کەسایەتییەکی مەعنەوییە ناتوانێت تەعبیر لە ئیرادەی خۆی بکات، بۆیە پێویستە دامەزراوەیەکی سیاسی (کە پەرلەمانە) تەعبیر لەم ئیرادەیە بکات. لە دەرئەنجامەکانی پابەندبوون بەم تیۆرە، ماف پێ نەدان بە هاووڵاتیان بۆ پەیڕەوکردنی حوکمڕانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی. لەبەر ئەوەی تەنیا ڕیگا بە نوێنەرانی نەتەوە دراوە کە تەعبیر لەم ئیرادەیە بکەن. هیچ دەرفەتێك بۆ هاووڵاتیان ناهێڵێتەوە بۆ هەڵسان بە ریفراندۆم، یاخود تانەگرتن لە یاساکان، یاخود هەر بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی. جگە لەمە نوینەرەکانی هەڵبژێردراو لەلایەن دەنگدەران بەرپرس نین بەرامبەر بە دەنگدەرانیان، لەبەر ئەوەی ئەوان نوێنەرایەتی نەتەوە دەکەن، نەك بازنەی هەڵبژاردنەکەیان، واتە ئەرکی دەنگدەرانە نوێنەری نەتەوە هەڵبژێرن، کاتێك دەنگدان ئەرك بێ، دەتوانرێ مەرج دابنرێ بۆ بەشداری لە دەنگدان وەك مەرجی: سەروەت و ئاستی خوێندەواری و مەرجی چینایەتی و ...تاد.

٢- تیۆری سەروەریی گەل: سەروەریی بە پێی ئەم تیۆرە پیکهاتووە لە کۆمەڵێ بەش کە هەر هاووڵاتیەك بەشێکی بەردەکەوێت. لە دەرئەنجامەکانی ئەم تیۆرە گەل خۆی دەتوانێت پەیڕەوی حوکمڕانی بکات، بڕیاری سیاسی ڕاستەوخۆ دروست بکات بەبێ هیچ نێوەندگەرێك، یاخود بڵێین نوێنەرێك. وەك پەیڕەوکردنی ریفراندۆم، پێشنیاری پڕۆژەیاسا، لادانی سەرۆکی کۆمار، لادانی نوێنەر و....تاد. بە پێی ئەم تیۆرە دەنگدان مافە، نەك ئەرك و هیچ مەرجێك قەبووڵ ناکرێت لە سەر دەنگدەر، تەنیا مەرجە ڕۆتینییەکانی تەمەن و توانا و سەلامەتی عەقڵی و ڕەگەزنامە نەبێت.

هەر بۆیە بۆ پڕۆسەی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم جگە لە مەرجە روتینییەکان بۆبەشداریکردن پێویستە چەند مەرجێکی تایبەتی تیابێ، لەوانە:

- هۆشیاری تەواوی دەنگدەران سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم و ئەو بابەتانەی خراوەتە ریفراندۆمەکەوە. بۆ نموونە کاتێ بابەتی ڕیفرندۆمەکە بڕیاردان بێ لەسەر دەستوور، بەلایەنی کەم دەبێت زانیارییان دەربارەی هێڵە گشتییەکانی ئەم دەستوورە هەبێت. یاخود کاتێك بابەت مەسەلەی سەربەخۆیی بێ، زۆر پرسیار پێویستە بخرێتەڕوو، وەك: دەوڵەت چییە؟ چۆن دەبین بە دەوڵەتی سەربەخۆ؟ تەحەددییەکان چین؟ ئایا چ دەستکەوتێکمان دەبێت لە بوون بە دەوڵەت؟ بۆچی دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆمان هەبێت؟ لە بواری سیاسی گرنگییەکەی چییە؟ لە بواری ئابووری گرنگییەکەی چییە؟ ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یاخود لە چوارچیوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا بمێنێنەوە؟ سنووری ئەم دەوڵەتە لە کوێوە تا کوێیە؟ دوای بوونمان بە دەوڵەت پێوەندییە دەرەکییەکانمان چۆن دەبێت؟ ستراتیژیەتەکان بەرامبەر بە بەشەکانیتری کوردستان چۆن دەبێت؟ خودی ریفراندۆمەکە؛ ئایها ڕاوێژە بەگەل، یاخود بڕیاری بنیادنانی دەوڵەتە لە لایەن گەلەوە؟ و... هتد .
- بابەتی خراوەڕوو، پێویستە ڕوون و ئاشکرا بێ و هاووڵاتی بە ئاسانی لێی حاڵی ببێ. پرسیارەکان پێویستە ڕوون و ڕاشکاوانە بێ، نەك نارِوون و مەبەستی تری بە دواوەبێ لەلایەن دەسەڵاتداران.
- بوونی ژینگەیەکی ئازاد بۆ چالاکییەکان دوور لە هەموو فشارێك؛ پێویستە هەموو قۆناغەکانی پڕۆسەی ریفراندۆم (پڕوپاگەندەکان و دەنگدان و ژماردنی دەنگەکان و ئامارەکان و چاودێری پڕۆسەکە و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان) بە شیوەیەکی پاك و بێگەرد و دادپەروەرانە و بەپێی یاسا بەڕێوە بچێ و لە ژێر چاودێریی گەل و دادگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بێ.
- بڕیاری گەل لە ریفراندۆمەکاندا دەبێت بڕیاری

■

دەبێت هەلی یەکسان بڕەخسێ بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیان زانیاری تەواویان هەبێ لەسەر پڕۆسەی سیاسی و سیاساتی بەدیل و ئەگەری دەرئەنجامە چاوەڕانکراوەکانی هەر سیاسەتێک

■

دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆ سیستمێکی دیموکراسی نوێنەرایەتی پێشکەوتووە. کە وادەکات پەرلەمان و سەرۆکی هەڵبژێردراو پێوەندییان بە گەل نەپچڕێ و لە زۆر بابەتی گرینگ بۆ ڕای گەل بگەڕێنەوە

یەکلاکەرەوە بێ بۆ ئەم پرسەی کراوەتە بابەتی ریفراندۆم، گەڕانەوە بۆ ڕای گەل تەنیا بۆ ڕاوێژ نەبێت، چونکە گەل خۆی خاوەن سەروەرییە و سەرچاوەی دەسەڵاتە و خاوەن بڕیارە.

## ■ جۆرەکانی ریفراندۆم

بە پێی بابەت و کات و دەرئەنجام ریفراندۆم بۆ زۆر بەمەبەستی جیاواز ئەنجامدەدری، لەوانە:

یەکەم: جۆرەکانی ریفراندۆم لە ڕووی بابەتییەوە:

١- ریفراندۆم سەبارەت بە دەستوور

- ریفراندۆم سەبارەت بە دامەزراوەکردنی دەستوور(الإستفتاء التأسيسي)، ئەمەش بریتییە لە خستنەڕووی دەستوورێکی نوێ بۆ گەل بۆ ئەوەی گەل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڕیاری لەسەر بدات و ئەم دەستوورە دامەزراو بکات. بە چاوپۆشین لەوەی کە ڕەشنووسی دەستوورەکە لەلایەن پەرلەمان، یاخود لیژنەیەکی باڵا دارِشتنی بۆکراوە.

- ریفراندۆم سەبارەت بە هەمووارکردنەوەی بەندەکانی دەستوور؛ لە هەندی دەستووری وڵاتان هاتووە هەمووارکردنەوەی بەندێك، یاخود زیاتر لە دەستوور پەیوەستکراوە بە ڕاپرسی و گەڕانەوە بۆ گەل، لە هەندێ دەستوور ئەمەی بە کارێکی ئیجباری و داناوە کە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بگەڕێتەوە بۆ ڕای گەل، لە هەندێ دەستووری دیکە بە کارێکی ئارەزوومەندانە دانراوە و دەسەڵات دراوەتە سەرۆکی وڵات، یاخود پەرلەمان، یاخود ژمارەیەکی دیاریکراو لە هاووڵاتیان.

٢- ریفراندۆم سەبارەت بە پرۆژە یاساکان:

- لێرەدا گەل وەك دەسەڵاتی یاسادانان هاوبەشی پەرلەمان دەکات، جا چ یاسای ئاسایی، یاخود یاسای ڕێکخستن، هاووڵاتیان ئەم پرۆژە یاسایە قەبووڵ نەکەن، ناچیتە بواری جێبەجێکردنەوە. زۆر دەستوور کار بەم پرەنسیپە دەکەن، لەمانە دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی سویسرا لە ساڵی ١٩٩٨، هەروەها لە دەستووری ئیتاڵی و فەرەنسیدا هاتووە، کە ریفراندۆم لە ڕووی یاساییەوە زۆر بوار و لایەن دەگرێتەوە، وەك: لایەنی سیاسی، دارایی نموونە (١٣) پێشنیارە دارییەکەی ١٩٧٨کالیفۆرنیا و ریفراندۆمی دووی مارسی ١٩٧٥ی سویسرا سەبارەت بە دراو. ریفراندۆم سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان وەك ریفراندۆمی ئیتاڵیا لە١٩٧٤سەبارەت بە تەڵاق و...هتد .

٣- ریفراندۆم سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان، ئەمەش دەکرێت بە چەند جۆرێك :

- ریفراندۆم سەبارەت بە هەڵبژاردنی جۆری سیستمی سیاسی (پاشایەتی، کۆماری و...تاد). نموونە دەنگدان بە سیستمی کۆماری ئیتاڵیا لە ١٠/یۆنیۆ/١٩٤٦، و دەنگدان بە زۆرینەی ڕەها سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی سیستمی پاشایەتی وبنیادنانی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نیسان/١٩٧٩.

- ریفراندۆم سەبارەت بە بەشداریی وڵات لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، یاخود کێشانەوەی، نموونە: دەرچوونی ئەڵمانیا لە (عصبە الامم) لە ساڵی ١٩٣٣.

- ریفراندۆم سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین، یاخود بەشداریي وڵات لە یەکێتی کۆنفیدڕاڵی، نموونە: ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کیوبك لە کەنەدا لە مایۆی ١٩٨٠ کە لە ئەنجامدا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری سودان لە ٩/کانونی دووەم/ ٢٠١١ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ریفراندۆم سەبارەت بە سەربەخۆیی ئۆسکۆتلاندا لە ١٨/ئەیلول/٢٠١٤ زۆرینە لەسەر مانەوەیان لە چوارچێوەی وڵاتی بەریتانیا بڕیاریان دا.

- ریفراندۆم سەبارەت بە دابەشبوونی ئیداری ناوچە و هەرێمەکان؛ نموونە: لە مادە ١١٩ی دەستووری عێراقی هاتووە: (هەر پارێزگەیەك، یاخود زیاتر دەتوانێت لە ڕێگای ریفراندۆم هەرێمی فیدڕاڵی پێکبهێنن)، هەروەها لە مادەی ١٤٠دا هاتووە: (....ئاساییکردنەوەی بارودۆخ، سەرژمێری و ریفراندۆم لە کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ دیاریکردنی لایەنی ئیداری بەڕێوەبردنی هاووڵاتیانی ناوچەکان....)، یاخود ریفراندۆم سەبارەت بە خۆبەڕێوەبردن (الحكم الذاتی)، نموونە: ریفراندۆمی ناوچەکانی ئۆسکۆتلاندا و ویڵز لە بەریتانیا لە مارسی١٩٧٩کە زۆرینەی نەهێنا .

- ریفراندۆمی دادوەرایەتی گەل لە پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەت و پەرلەمان، نموونە: بە پێی دەستووری ڤایمەری ئەڵمانی ١٩١٩(هەرکاتێك کە ناکۆکی بکەوتایەتە نێوان زۆرینە و کەمینەی ئەنجومەنی نوێنەران، یاخود لە نێوان ئەم ئەنجومەنە و ئەنجومەنی ئیمپراتۆری، یاخود لە نێوان سەرۆکی ڕایخ و پەرلەمان، دەبوایە بگەڕێنەوە بۆ ریفراندۆم). هەروەها لە مادە/ ٤٦ لە

**پێویستە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی ریفراندۆم (پروپاگەندەکان و دەنگدان و ژماردنی دەنگەکان و ئامارەکان و چاودێری پرۆسەکە و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان) بە شێوەیەکی پاک و بێگەرد و دادپەروەرانە و بەپێی یاسا بەڕێوە بچێ و لە ژێر چاودێریی گەل و دادگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بێ**

**بڕیاری گەل لە ریفراندۆمەکاندا دەبێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بێ بۆ ئەم پرسەی کراوەتە بابەتی ریفراندۆم، گەڕانەوە بۆ ڕای گەل تەنیا بۆ ڕاوێژ نەبێت، چونکە گەل خۆی خاوەن سەروەرییە و سەرچاوەی دەسەڵاتە و خاوەن بڕیارە**

دەستووری چیکوسلۆفاکیا-ش هاتووە: (هەر پڕۆژە یاسایێکی حکومەت کاتێ کە پەرلەمان ڕەتی بکاتەوە، حکومەت دەتوانێ بیخاتە ریفراندۆم.)

دووەم: جۆرەکانی ریفراندۆم لەڕووی ئەرکی پێهەڵسانی :

- ریفراندۆمی ئیلزامی؛ واتا دەستوور، بڕیاریداوە هەندێ بابەت تەنیا لەڕێی ریفراندۆم گەل خۆی دەبێت بڕیاری لەسەر بدات ، هەروەك ئەم مادانەی دەستووری عێراقی کە باسمانکرد (مادە/١١٩، ١٢٦، ١٤٠).

- ریفراندۆمی ئارەزومەندانە : ئەم جۆرەیان بە دەقی دەستووری فەرزنەکراوە بەڵکو پەرلەمان یاخود سەرۆکی وڵات پێشنیاری دەکات.

سێیەم :ریفراندۆم لە ڕووی هێزی سەپاندنی دەرەنجامەکانی :

- ریفراندۆمی دەرئەنجام سەپێنراو؛ پەرلەمان و حکومەت دەبێت پابەند بن بە دەرئەنجامەکانی ئەم جۆرە ریفراندۆمە بەپێی دەستوور.

- ریفراندۆمی ڕاوێژکاری: مەبەست لێی ڕاویژکردنە بەگەل سەبارەت بە بابەتێك. لەم حاڵەتەدا دەسەڵات بۆی هەیە کار بە دەرئەنجامەکانی ئەم ریفراندۆمە بکات، یاخود نا. زۆرجار حکومەت پەنا بۆ ئەم جۆرەیان دەبات بۆ پڕۆژەیاساکانی بەر لەوەی پێشکەش بە پەرلەمانی بکات بۆ ئەوەی پەرلەمان ڕەتی نەکاتەوە.

چوارەم - جۆرەکانی ریفراندۆم لەڕووی کاتی پەنابۆبردنی؛ دەکرێت بە دوو جۆر :

- ریفراندۆمی پێشوەختە: واتە پەرلەمان پڕۆژەیاساکان دەخاتە بەردەم ڕای گەل بەر لە دەنگدان لەسەری لەلایەن پەرلەمانەوە .

- ریفراندۆمی دوایی (اللاحق): بەپێی ئەم جۆرەیان پەرلەمان ئەم یاسایانەی کە پێشتر بڕیاری لەسەرداوە، دەخاتە ریفراندۆمەوە، ئەم یاسایە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە تا گەل ڕەزامەندی لەسەر نەدات.

پێنجەم : ریفراندۆم لە ڕوی دەنگدانی گشتی دەکرێت بە دوو جۆر:

- ریفراندۆمی گشتی: واتە جگە لە مەرجە تەکنیکییەکان بۆ بەشداریکردن هەموو هاووڵاتیان مافی دەنگدانیان هەیە .

- ریفراندۆمی سنووردار(مقید): واتە جگە لە مەرجە تەکنیکییەکان بۆ بەشداریکردن مەرجی دیکە هەن کە ڕیگرن لە بەردەم بەشێ لە هاووڵاتیان کە مافی دەنگدانیان هەبێ، وەك: بێبەشکردنی ڕەگەزی مێینە، تایبەتکردنی دەنگدان بە چینێکی کۆمەڵایەتی و...تاد.

جیاوازی نێوان ریفراندۆم و ئەو پڕۆسە سیاسییانەی لەیەکتری دەچن

- جیاوازی نێوان ریفراندۆم و هەڵبژاردنە گشتییە کا ن :

هەڵبژاردن بریتییە لەو پڕۆسەیەی تیایدا پاڵێوراوەکان دیاریدەکرێن و پڕۆگرامەکانیان ڕادەگەیەندرێ و لە دواییدا دەنگدەران دەنگیان پێدەدەن بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتی ئەوان حوکمڕانیی وڵات بەڕێوەببەن، بەڵام ریفراندۆم جیایە لێرەدا گەل خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ حوکمڕانی دەکات؛ خۆی دروستکەری بڕیاری سیاسییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کە بڕیار لە سەر دەستوور و پڕۆژەیاسا و پرسە سیاسییەکانی وڵات دەدات.

- جیاوازی ریفراندۆم لە پڕەنسیپی شوڕا (الشوری ) لە ئیسلامدا:

شوڕا یەك لە بنەماکانی ئایینی ئیسلامە. هەردوو پڕۆسەکەی شوڕا و ریفراندۆم داوای ڕا و بۆچوون دەکەن، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە سنوورێك دیارینەکراوە بۆ بەشداربوونی هاووڵاتیان لە ریفراندۆم، بەڵام پڕۆسەی شوڕا لە ئیسلام ڕێگا بە کۆمەڵگە نادات کە وەك پڕۆسەیەکی گشتی هەمووان تیایدا بەشداربن، بەڵکو تایبەتە بە گروپێك ئەویش(اهل الحل والعقد)ـە وەك ئەنجومەنێکی شوڕا. دیارە لە ڕووی بابەتیشەوە جیاوازی هەیە؛ ئەم بابەتانەی کە دەخرێنە ریفراندۆم لە هەر وڵاتێ دەستووری وڵاتەکە دیاریکردووە، یاخود پەرلەمان، یاخود سەرۆکی وڵات ڕایدەگەینێ کە پێویستە بابەتێکی دیاریکراو بخرێتە دەنگدان، تەنانەت زۆر لە دەستوورەکان لە ڕێگەی ریفراندۆم بڕیاری لەسەردراوە، یاخود هەمواردەکرێنەوە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە شوڕاوە هەیە، بە هیچ شیوەیك ڕێگا بە بۆچوون، یاخود ڕاڤەکردن (اجتهاد) نادرێت، لەو حوکمانەی کە لە قورئان و سوننەی نەبەوی هاتوون. واتە ئیجتیهادکردن لە دەرەوەی ئەم سنوورەیە. سەبارەت بە سنووری ڕایەکە لە ریفراندۆم دەنگدەران تەنیا دوو هەڵبژاردەیان لە پێشە، یا قەبووڵ، یاخود ڕەتکردنەوە بە بێ گفتوگۆ تاوتوێ و زیاد و کەم.

دەرئەنجامەکان :

**هەڵبژاردن بریتییە لەو پڕۆسەیەی تیایدا پاڵێوراوەکان دیاریدەکرێن و پڕۆگرامەکانیان ڕادەگەیەندرێ و لە دواییدا دەنگدەران دەنگیان پێدەدەن بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتی ئەوان حوکمڕانیی وڵات بەڕێوەببەن، بەڵام ریفراندۆم جیایە لێرەدا گەل خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ حوکمڕانی دەکات؛ خۆی دروستکەری بڕیاری سیاسییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کە بڕیار لە سەر دەستوور و پڕۆژەیاسا و پرسە سیاسییەکانی وڵات دەدات**

**ئەو سیستمە سیاسییانەی کە کار بە پڕەنسیپەکانی دیموکراتیی نیمچە ڕاستەوخۆ دەکەن، سیستمی سیاسیی مۆدێرنترن و نزیکترن لە بیرۆکەی سەروەریی گەل**




- ئەو سیستمە سیاسییانەی کە کار بە پرەنسیپەکانی دیموکراتیی نیمچە ڕاستەوخۆ دەکەن، سیستمی سیاسیی مۆدێرنترن و نزیکترن لە بیرۆکەی سەروەریی گەل .

- پاڵنەرەکان لە یەکلاکردنەوەی ئاکار و دەنگی دەنگدەر دووجۆرە، یان کاریگەری ورووژاندنی سۆزداری و ئایدیۆلۆژییە، یاخود بنەمای ئەقڵانی. لە ریفراندۆمەکان ئەگەر هاتوو ڕێژەی زۆرینەی پێویست لە دەنگەکان نەهێنرێ بەپێی ڕێوشوێنە دەستووری و یاساییەکان ئەوا ریفراندۆمەکە هیچ ئاسەوارێکی نابێت.

- لەڕووی پراکتیکییەوە زۆر لە پرۆسەکانی ریفراندۆم لە کاتێك پەنایان بۆ براوە کە وڵات لە قەیرانە؛ زۆرجار لە پیناو یەکلاکردنەوەی ململانێی کایەکانی دەسەڵات و دامەزراوەکانی و کاتی گەیشتن بە بنبەست. هەندێجار بۆ ئەوە ئەنجام دەدرێ تاوەکو قەناعەت بە ڕای گشتی ناوەخۆ و دەرەکی بهێنری کە گەل لەگەڵ بڕیاری دەسەڵاتی سیاسییە، بەتایبەتی لە بابەتی مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی.

- لە زۆربەی ئەم ریفراندۆمانەی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدراون، کاتێك وڵاتی سەردەست هەموو مافی ئەم ناوچە جوداخوازانەی داوە، ئەوا هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە بڕیاری مانەوەیان داوە لەگەڵ دەوڵەتی سەردەست، بەڵام کاتێك سیستمێکی نادیموکراسی ناوچە جوداخوازەکان لە خۆدەگرێ، هاووڵاتیان بڕیاری جودابوونەوە دەدەن لە ریفراندۆمەکان وەك ریفراندۆمەکەی باشووری سودان لە ٩ی کانوونی دووەمی٢٠١١. لەم ڕوانگەیەوە پێشبینی سەرکەوتنی دەنگی سەربەخۆخوازان دەکرێت بە زۆرینەی ڕەهای بەرز، ئەگەر هەر ریفراندۆمێك لە هەر پارچەیەکی کوردستانی گەورە ئەنجام بدرێ.

***مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین — هەولێر**

**کاتێک سیستمێکی نادیموکراسی ناوچە جوداخوازەکان لە خۆدەگرێ، هاووڵاتیان بڕیاری جودابوونەوە دەدەن لە ریفراندۆمەکان وەک ریفراندۆمەکەی باشووری سودان لە ٩ی کانوونی دووەمی٢٠١١. لەم ڕوانگەیەوە پێشبینی سەرکەوتنی دەنگی سەربەخۆخوازان دەکرێت بە زۆرینەی ڕەهای بەرز، ئەگەر هەر ریفراندۆمێک لە هەر پارچەیەکی کوردستانی گەورە ئەنجام بدرێ**